# تەوەر

حەمە عەزیز

# حەمە عەزیز

- 1957/07/31 لە سلێمانی لە گەڕەکی ) چواربـاخ ( لە دایك بووە .

-خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و، ئامادەیی بەشی ( زانستی ) تەواو کردووە .

-ساڵی 1979 دبلۆمی لە بەشی کارگێڕی دا هێناوە و فەرمانبەر بووە لە چەند فەرمانگەیەك دا .

- ساڵی 1989 هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو منداڵە .

هەر لە منداڵیەوە خولیای خوێندنەوەی شیعری کوردی بووە، شیعری شاعیرانی کلاسیکی کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەری پاشان بە پەرۆشیەوە بۆ نوێ کردنەوەی شیعری کوردی زیاتر خولیای شیعری

-گۆران و هەردی بووە، لە ژێر کاریگەری ڕێبازی نوێخوازی لە شیعری کوردی لە کۆتایی ساڵی

-(1976) وە هەتا ئێستا لەو کاروانەدا بەردەوامە و بەرهەمی شیعری هەیە .

-دوو نامیلکەی شیعری بە چەند شیعرێکی کەمەوە بە ناوی ( لە چاوی شیعرەوە ) لە نیوەی دووەمی نەوەدەکان دا لە سلێمانی بە چاپ گەیاندووە .

-لە ساڵی 2003 ەوە لە کەنەدا دەژی .



# حەمەعەزیز شاعیرێکی فەرامۆشکراو و لەبیرکراو...


**کاروان حەسەن**

**مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی/ هەولێر**

زۆرن ئەوانەی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا وەك (شاعیر، هونەرمەند، شانۆکار، رۆژنامەنووس، نووسەر، رەخنەگر،.....هتد) توانیویانە لەرۆژگارێکدا ولەکاتی خۆیدا چالاکانە، ئازایانە، بوێرانە لەمەیدانی ئەدەب و شۆرش و بەرگریدا بە بەرهەمەکانیان دژ بەجەوروستەم و زۆرداری دوژمن بجەنگن و بەشیعرو بەرهەم و گۆرانی و وتارەکانیان خزمەت بەگەل و نیشتمان و نەتەوەوە بگەیەنن. ئەمانە بونەتە رێبەرو سەرقافڵەی کاروانی رۆژە سەخت و تاریك و نۆتەکەکانی ژیان و لەرۆژگاری خۆیدا توانیویانە هەوڵ و ماندووبوون و تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ ڕووبوروو بونەوەی ئەو زوڵم و زۆرداریەی دژ بەگەلەکەیان ئەنجام دەدرێت، ئەوان بەشیعر ویستویانە ئەو ئازارانەی میللەتەکەیان کەم بکەنەوە و بە وشەو مانا و ناوەرۆکی شیعرەکانیان

گـرو تیـن و حەماسـەتی شۆرشـگێڕی و ئـازادی و سـەربەخۆیی بەگوێـی ڕۆڵـە نەبەردەکانـی میللەتەکەیانـدا بچرپێنـن. بەڵـێ زۆرێـك لەوانـە ئێسـتا ونـن و نـاو و نیشـانیان کەوتۆتـە تاریکـی و مێـژوو غـەدری لـێ کـردوون. یەکێـك لـەو کەسـانە لەمێـژووی ئەدەبـی کوردیـدا شـاعیری هەسـت ناسـك (حەمـە عەزیـز)ە. کەبەڕاسـتی مێـژووی ئەدەبـی کـوردی غەدرێکـی زۆری لـێ کـردووە و نـاو و بەرهـەم و شـیعرەکانی کـەم نـاسراون و نەتوانـراوە بایەخێکـی باشـی پـێ بـدرێ و لێکۆڵینـەوەی تـەواوو و چاکـی بـۆ بکـرێ لێـرەوە ئێمـە یەکـەم کـەس نیـن ئـەو لاپەڕەیـە هەڵبدەینـەوە، بـەڵام وام بەچـاك زانـی بـۆ خوێنەرانـی ئێسـتا تۆزقاڵێـك ڕووناکـی و مۆمێـك داگیرسـێنم بـۆ شـیعرە پڕلەهەسـت و جـوان وناسـکەکانی کاك (حەمەعەزیـز) کـە بەڕاسـتی جێگـەی بایەخـە و هـی ئەوەیـە لێکۆڵینـەوەی ورد و چـڕ وپـڕی بـۆ بکرێ.تایبەتـتر ئـەو شـیعرانەی کەبـۆ گۆرانـی وتـراون و هونەرمەندانـی وەك (بەهجـەت یەحیـا و نەجمەدیـن غوڵامـی )و ئەوانـی تـر کردویانـن بەگۆرانـی کـە ئاشـکرایە شـیعری گۆرانـی زیاتـر و باشـتر دەکەوێتـە بـەر گـوێ و زوترخەڵـك ئاشـنای دەبـن، جگـە لـەوەش شـیعری گۆرانـی ئـاوازو مۆسـیقایەکی جوانـتر و خۆشـتری تێدایـە لەچـاو شـیعرەکانی تـر و جۆرەکانـی تـر، (حەمەعەزیـز) لەشـیعرەکانیدا وریایانـە و هەسـت ناسـکانە و ئازایانـە وشـەکانی بەکارهێنـاون و توانیویەتـی جـێ پەنجـەی خـۆی دیاربـکات وبەکەمـی بەرهـەم و شـیعرەوە نـاوی خـۆ بخاتـە نـاو مێـژووی ئەدەبـی کوردییـەوە لەگـەڵ ئەوەشـدا وەك پێویسـت نەنـاسراوە و جێگـەی داخـە. ئەگـەر بـەوردی سـەرنج لـە شـیعرەکانی(حەمەعەزیز)بدەین لەدیوانـی (لەچـاوی شـیعرەوە) دەبینیـن کەشـیعرەکانی لـەڕووی مەبەسـتەوە زۆربەیـان دڵـداری و خۆشەویسـتین و هەندێکیشـیان بـۆ پەنـد وەرگرتـن و لایەنـی فەلسـەفەی ژیانیشـیان تێدایـە لـەڕووی ڕوخساروکێشیشـەوە کێشـی (کلاسـیك، مەسـنەوی، خۆمااڵـی) بەکارهاتـوون. لێـرەوە باسـەیری چەنـد نموونەیـەك بکەیـن و بۆتـاوێ گـوێ بـۆ شـیعرەکانی (حەمەعەزیـز) شـل بکەیـن . سـەرەتا لـە شـیعری (ئەنجامـی تەمـەن)دا دەسـت پێدەکەیـن.

**نیـــشانەی پیری دیاری دا لـەڕووم**
**ســەراپا وێنـەی بـەفـر سپـی بـوو**
**ئـەســـتوونی باڵام، لەنگەو چەمیوە**
**کـاســەی تـەمـەنـم هـاتـووە نـیـوە**
**سەرنج چەند ئـەدەم، نابینـم تۆزقاڵ**
**ڕێ هـەڵـە ئـەکەم هەروەکـوو مـنـاڵ**
**ســەیـرە بە پیری تـازە پـێ ئـەگـرم..**
**دارە دارەم دێ و دەستی ڕێ ئـەگـرم**
**خـەرمـانـی ژیری شەن و کەو ئەکـەم**
**بە ئـاگـا نـایـەم تاسـەی خـەو ئەکەم**
**پـەشـمـە ئـامـانجم بە پـامـاڵ کـراو**
**پـێـوانـەی ڕەنـجـم زیـنـدەچـاڵ کـراو**

**ئـەمـانـەش قـــەیـنـا زادەی ژیـانـن**
**ڕەوان بـۆ پـیـری، دوور لە گـــومـانـن**
**داخـم ئـەو خـەمـە ئـەنـجـــامی تەمەن**
**هـەنـدێ بێـهـووەدە کـێـشانەی ئـەکەن**

## نازانن ڕەوتی قۆناخی پیری

## پڕە لەوانەو ئەزموونی ژیری

لێرەدا شاعیر زۆر بەجوای واتای ژیان و پیریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و ئەنجامی تەمەنمان پێ دەڵێ کەمرۆڤ چەند بژی دوا ئەنجامی تەمەنی پیری و مردنە و هیچ کەسێکیش لەوتاقیکردنەوەیە ڕزگاری نابێ .

لەشیعری (لەچاوی شیعرەوە) کەناوی دیوانەکەشی لەخۆگرتووە شاعیر هەست ناسکانە دەڵێ :

**ئەی بەژن ڕێك، لەنجە جوان خاوەن سەرنج، شێوەت پەری**
**بۆ نیگایەك وێڵ و شەیدام، باڵی شیعرم هەڵوەری**

**هەر ئەوەندەم دیوە چاوت وا لەژێر برژانگی ڕەش**
**وەك گەلاوێژ شوێن مەبەستن، بۆ سەرنجێ ئاڵ و گەش**

**تیشکی ڕووت کاتێ لە دەریای قووڵی ئەندێشەم ئەدا**
**خشڵی شیعرم وا ئەڕازێ، بووکی هەست جوانتر ئەکا..**

**وەك پەپوولە، گیانی تینووم بۆ قومێ عەتری نیگات**
**دێت و ئەڕوا، هەر شنەی دێ، تا بە برژانگت بگات**

**جا کە تێر بۆ بوو لە باخچەی دیمەنی پاراوی تۆ**
**تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ**

**دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو ئەنێم**
**مەست ئەبم بەو بۆنە خۆشەو بەستە بۆ چاوت ئەڵێم**

کەس نییە ئەوشیعرە نەخوێنێتەوە ودەنگی زێڕینی (نەجمەدین غوڵامی ) بیرنەکەوێتەوە و بۆتاوێ نەچێتە دەریای قوڵی خەیاڵەوە کە چۆن و بەچ شێوەیەك ئەو شیعرە ناسکەی کردۆتە گۆرانی و دەیچڕێ .

هەروەها ئەگەر سەیری شیعرەکانی تریشی بکەین هەمان هەست و سۆز و جۆش و خرۆشی تێدایە و تەواو پێی مەست وکاس دەبین ئەوەتا لەشیعری (من و تۆدا ) بەهەمان شێوە کە(غوڵامی) کردویەتییە گۆرانی ئەو سۆزە قوڵتر و بەجۆشتر و ناسکتر خۆی دەنوێنێ .هەروەك دەڵێ :

**من و تۆ وەك خورەو هاژەی ڕوبارین**
**شنەی پاکی شەماڵی گوێ کەنارین**
**لەهەر جێیە ئەوین ڕەشماڵی هەڵدا**
**لەوێ سەرگەرمی جێ ژوانی بەهارین**

* *

**من و تۆ لەم هەواری سەرزەمینە**
**مەرامان چیژو سەرمەستیی ئەوینە**
**ئەوینیش گەر بەسۆز پێوانە بکرێ**
**بەقەد مەودای هەموو دنیا بەرینە**

* *

**کە ئێمە وەك گزنگی خۆرەتاو بین**
**بەرەو ئاسۆ لەگەڵ یەك تێکەڵاو بین**
**بەسەر کاروانی کازیوەی بەیاندا**
**ئیتر بۆچی نەیەین، پەرت و بلاو بین**

کەچی لەشیعری (مارشی نەبەزین) دا هەست بەهەستێکی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری و ئازادی و سەربەخۆیی دەکەیت و لەخۆوە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیت بەرزدەبێتەوە و دەچیتە دنیایەکی تر و هەست بەئارامی و بوونی خۆت و نەتەوەکەت دەکەیت هەروەك دەڵێ :

**من چیام خۆڕاگرم سەرکەش فرۆنیم نابەزم**
**گێژو لوولی تووڕەبوونم دێم بە گژ هەورا ئەچم**
**ترسنۆك نیم وام لە بێشەی گۆڕەپانا کەڵ ئەژیم**
**داربەڕووم، بێن بۆ برینم خۆم بە گژ تەورا ئەچم**

* *

**من سروودم، بەستەکانم وا لە مەرگی قازیا**
**لاوکی سووڕم لە بەردەم مردنی پێشوازیا**
**تاوە چەخماخەم بە جوامێری لە چاوی سەنگەرا**
**دێم لەناو گرکانی هەڵچووی نۆبەرەو گیانبازیا**

* *

**من شەبەنگم چارەنووسم وا لەپاڵ ئاسۆی گەشا**
**نێڵە نێڵی ئەو ڕەوایەم وا لە ناخی پێست ڕەشا**
**ئاگری کووڕەی دەروونی تۆڵە سێنی ئەو گەلەم**
**وا لە کوردستانی کۆیلەی مافخوراو و بەش بەشا**

لەشیعری (پێ سپێری) دا (حەمەعەزیز)کە بۆ شەهیدێکی نوسیوە

لەزیندانـدا لەسـاڵی (1976) دەڵـێ :

**ئەگـەر دایـە لەڕێـی بـوونـی گەل و ئەم خـاکـەدا مردم**

**نـەڵـێـی مەرگـی کـوڕم تـووشـی پەژارەو شیوەنی کردم**

**ئـەبـێ ئـەوکـاتـە دڵـشـکـاد بـی کە کوردو باوەڕی بەرزی**

**بـەسـەربـەرزی لـە بـاوەشـتا بـەرەو ئـەم ڕێگەیەی بردم**

بەگشـتی دەکرێـت, ئاوڕێکـی جـدی لـەم شـاعیرە گرنگـە بدرێتـەوە، بەرهەمەکانـی چـاپ بکرێنـەوە. هەروەهـا تیشـکی زیاتـر بخرێتـە سـەر شـیعرەکانی و شـڕۆڤەی جیـاوازی بـۆ بکرێـت. ئەگـەر بـە شـێوەیەکی گشـتی تەماشـای جۆرایەتـی و چۆنایەتـی شـیعرەکان بکەیـن، هەسـت دەکەیـن ئـاواز لـە شـیعرەکان دەڕژێـت، هەربۆیـەش چەنـد شـیعرێکی کراوەتـە گۆرانـی، هەڵبـەت دەبێـت ئـەوە بڵێیـن، شـیعری لیریـك، یـان شـیعری گۆرانـی، لـە کوردسـتان لـە بۆشـایەکی گەورەدایـە، کـە لـە ڕاسـتیدا شـیعری گۆرانـی، ئەدەبێکـی تایبـەت و گرنگـە، کەمـن ئـەو شـاعیرانەی شـیعرەکانیان بـۆ چوارچێـوەی ئـاواز و گۆرانـی دەشـێن، بـەڵام ئەگـەر سـەرنج بدەینـە هـەر شـیعرێکی (حەمـە عەزیـز)، هەسـت دەکەیـن دێـڕ بەدێـڕ بـە ئـاواو چـنراوە.

تێبینـی : شـیعرەکان لەدیوانـی (لەچـاوی شـیعرەوە ) چاپـی یەکـەم 1997 وەرگیـراون

حەمە عەزیز

# شیعری کلاسیك لە نێوان چەقبەستوویی و داهێنان دا

عادل قادری

## لە نێوان دوو جیهان و بوونی جیاواز دا

هەر قسە و باسێک کە لە سەر ئەدەبی کلاسیکی ئێمە و بەتایبەتی شیعری کلاسیکی ئێمە دەکرێت دەبێ بە وردبینی و زانیارییەکی مێژوویی و بابەتیانەی ئەدەبی و لە هەمان کاتیش دا بە پارێزەوە بکرێت. پێگە و رۆڵی شیعری کلاسیک لە ئەدەبی هەموو دونیا دا پێگەیەکی بناغەدانەر و ئیلهامبەخش بووە، هەم بۆ زمانی شیعری بەگشتی(بە کلاسیک و نوێوە) هەمیش بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانە و لە دواجار دا بۆ هەموو دەرکەوتە و سەنعەت و فیگۆر(figure) و دەربڕین و گێڕانەوەیەکی زمانی؛ جا چ لە ئاستی سینەما و نیگار کێشان دا بێت یان لە ئاستی هەڵپەڕکی و کایەکانی ناو ئەو پێکهاتە زمانیی و مرۆییە، واتە هایدیگەر

گوتەنی بەگشتی شیعر رەسەنترین و بێگەردترین دەرکەوتەی زمانی و بوون ناسانەی ئێمەیە. بەنیسبەت شیعری کلاسیکی ئێمەوە دۆخەکە هەم «ناسک»تر و هەمیش «ئاڵۆز»تر، لەو لایەنەوە ناسکە کە ئێمە هێشتا خاوەنی دیسکۆرسێکی رەخنەیی زۆر جیددی و ڕێبازێکی شیکارانەی ئەدەبی نین، بۆیە بەدەر لە هەندێک هەوڵی شارەزایانە و لێهاتووانە و شایستە ئەوەی لەبارەی شیعری کلاسیکەوە دەگوترێت یان ستایشگەلێکی بێ هۆکار و مەبەستن یان ڕەتکردنەوەگەلی سۆزئامێزانە بە سەودا و خولیای نوێبوونەوە و نوێکردنەوەوە، کە ئەمەی دواهەمینیان لە ناو ڕەوتی نوێخوازان و نوێتر خوازان بە شێوەیەکی سەیر تا ماوەیەک زاڵ بوو. لەو لایەنەشەوە ئاڵۆزە کە شیعر وەکوو ڕووداوێکی زمانی مەعریفی و دەرکەوتەیەکی بوون ناسانە لەناو هەر زمانێک دا مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە یان ئەگەر باشتر بڵێم وردە مێژوویەکی هەیە، ئێمە وەکوو پێکهات و بوونێکی زمانیی لەم لایەنەوە بۆشایی و کۆڵەواریی زۆرمان هەیە، هەر ماوەیەک لەمەو پێش بوو کە کۆمەڵێک بەڵگە و شتی تازە لەبارەی ژیان و ئیش و کاری نالییەوە کەشف کران، بە - هەوڵی زانکۆی سۆران و بەشی دەستووسخانە- ڕاستە ڕەنگە دۆزینەوەی وردەکاریی ژیان و ئیش و کاری نالی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە فام و خوێندنەوەی ئێمە بۆ نالی نەبێت، بەڵام ئاماژەیە بە ئەو چۆڵەوانییە بەرینەی کە لە مێژووی ئێمە دا بەگشتی و بەگوێرەی ئەوەش لە شیعرمان دا هەیە، یان ماوەیەک پێش بوو کە مەزاری فەقێ تەیران دۆزرایەوە-ڕاپۆرتی ئەم ڕووداوە لە سەر پەیجی نووسەر بەکر شوانی وەرگرن- ڕاستە ئەم کەشف و دۆزینەوانە زۆرتر بابەتگەلێکی بان دەقییانە و دەرەوەی تێکستن، بەڵام نەفسی بۆشایی و چۆڵەوانییەکەمان بۆ دەردەخەن و ئاماژەن بەوەی کە ئەگەری هەبوون و کەشفی چەندین دەق و پاشکۆکانی شیعری کلاسیکی ئێمە لە ئارا دا هەیە، ڕەنگە هەر ئەم چاڵ و کەلێنە گەورە مێژووییە بوو بێت کە کاری لەسەر بیچم نەگرتنی ڕەوت و ڕێبازە ڕەخنەییە دەرەوشاوەکان لەناو دونیای ئێمە دا کردبێت. بە هەموو ئەمانەشەوە لە کاتی ئێستا دا ئێمە بە هەبوونی کۆمەڵێک شاعیری دەرەوشاوە و پرشنگ دارەوە سامانێکی گەورەمان بۆ خەملاندنی ئاسۆیەکی ڕەنگین و زەنگینی شیعری لە بەر دەستە، وەکوو کۆڵەکە و کوچکەکانی بابان(نالی، سالم و کوردی) و مەولەوی، خانای قوبادی، بێسارانی، حاجی قادر، شێخ ڕەزا، فایەق بێکەس و یان شاعیرانی موکریان(وەفایی، هێمن، کامیل و هێدی و...) و دەیان شاعیریتر کە لە ژێر ناوی کلاسیک دا جێیان دەبێتەوە و من لە ناوهێنانیان خۆ دەبوێرم. ڕووداوێکی گەورە کە بەتایبەتی پاش جیهانی بوون(globalization) و کرانەوەی زۆربەی دەرگاکانی جیهان بەڕوی ئێمە(بەپێی فام و تێگەیشتنی خۆمان)، ڕووبەڕووی جیهانی کلاسیکی و بەپێی ئەوەش شیعرمان بوویەوە، حەزی نوێ بوونەوە و داهێنان و دەربازبوون لە چوارچێوەی قالب و تەکنیکەکانی شیعری کلاسیک بووە وەک گۆران لە شیعرێکی دا دەڵێ:

**هەر چەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم/ بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.**

ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ جیهانی کلاسیکی و شیعری کلاسیکیمان بەپێی ئەو کرانەوەیە بە دوو ئاقاردا جوواڵەی کردووە: یەکیان، ئاقاری داهێنان و نوێکردنەوە بە پشت بەستن بە کۆڵەکە کلاسیکییەکان کە

لە رووی تەکنیک و ماناوە توێکڵ و پیلەی ئەو جیهانەیان شکاندووە و لێی تێپەڕیون، ئەگەرچی لەم رووەشەوە بێبەری نەبن لە خوێندنەوە و رەخنەی جیدی. ئاقاری دووهەم، لایەنگران و هۆگرانی جیهان و شیعری کلاسیک بوون کە بە هەمان ئۆنتۆلۆژی و خولیاپەرەستییەوە لە جیهانی کلاسیک دا ماونەوەتەوە و زۆرینەیان لە باشترین حاڵەت دا نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی شیعرە ماماوەندییەکانی نالی و شیعرە بڵندەکانی مەحوی و...زۆرینەی زۆری هەوڵی ئاقاری دووهەم لە جۆرێک نۆستالژی و تاسووق بۆ جیهانی حوجرەیی و بێگەردی شیعری کلاسیک و لە ئەنجام دا دووپاتکردنەوەیەکی سەرکەوتووی ئەزموونە کلاسیکییەکان دا خوێان دەبیننەوە، هەر چەند وەکوو وتم دەبێ لە قسەکردنی رەها و یەکلایەنە لەم بارەوە پارێز بکەین چوونکوو شاعیرانی کلاسیکی واش هەن کە ناکەونە ئەم دەستەبەندییەوە و توانیویانە هەندێ تێم و مانا و تەنانەت تەکنیکی نوێش بهێننە ناو قاڵبە شیعرییە کلاسیکییەکانیان، و هەوڵەکانیان بەدەر بێت لە بەکارهێنانی هەندێ وشەی رووتین و رواڵەتی مۆدێرن و ئەمڕۆیی بۆ ئەوەی خوێنەر بخەنە خەیاڵی خاوی ئەوەی کە شتێکی تازەیان داهێناوە و فۆرمێکی نوێیان لە جیهان و قالبێکی کلاسیکی خستۆتە روو. لە شاعیرانی کلاسیک بێژی مۆدێرنەوە(واتە ئەوانەی پاش سوارە و گۆران هەر لە قەوارەی شیعری کلاسیک و قاڵبەکانی دا شیعریان هەڵدەبەست) ئێمە خاوەنی هەندێک وردە رووداوی تازەین لە رووی ماناوە. ئەگەر شیعری کلاسیکی کۆنی ئێمە فەزای سروشت، یار، بێ وەفایی، هیجران، چارەنووس، گلەیی، مەی پەرەستی، نیشتمان و...بەسەری دا زاڵ بوو، ئەوە لە هەندێک شاعیری کلاسیکی تازە

ئەم ئاقارە دەتوانین وەکوو واسازی(deconstruction) یان پێکهات شکێنی وێنا بکەین، واتە، هەم نەریتی زمانی و مانایی و مەعریفی شیعر و جیهانی کلاسیکیان خوێندۆتەوە و هەمیش پاش خوێندنەوەی

تێکەڵکردنی سرووشت و عەشق و یار بە رۆحێکی حەماسی و خاک پەرەستییەوە، رێگە بە هەندێ تێم و مانا وەکوو هیجران و یار و و...لێژ دەکات و وەکوو وردە رووداوێک دێتە کایەوە ئەگەرچی ئەمەش رەگ و رەچەڵەکێکی تازەی نییە، چەند شۆڕشگێڕی شاعیرمان هەبووە کە هەم عاشق بووە و هەمیش نیشتمان پەرەست و هەمیش کلاسیکی؟ بێگومان وەڵامەکە روونە. لایەن و باسی سەر ئەم وردەروودا و دەرکەوتە و میسداقەکانی زۆر قسە هەڵدەگرێت و لێرەدا ناپەرژێمە سەری. مێژووی ئێمە و ئەدەبی ئێمە تا رادەیەکی زاڵ و زۆر، شۆڕشگێڕانە و حەماسی بووە. بۆیە دەستەواژەی وردە رووداوم لە سەرەوە بەکار هێنا چوون لە هەندێک لە شاعیران هەرچی لەو رەگ و ریشە مێژوویییە دوور دەکەوینەوە دەنگ و زایەڵەی رووداوەکە کەمتر دەبێتەوە و ئێمە دەبێت دیسانەوە بێینە سەر هەواری بیرکردنەوە لە داهێنان و مانا و دەلالەتەکانی.

## شیعری کلاسیك و نوێ لە نێوان حوجرە(نەریت) و شار دا

یەکێک لەو بابەتانەی دەبێت لە جیهانی شیعری کلاسیک دا سەرەنجی بدەینێ مۆسیقا و سەروایە کە هەم بە سەر فۆرم و قاڵب، واتە، پێکهاتی شیعر دا زاڵە و هەمیش هەڵگری جۆرێک لە مۆسیقا و ریتمە کە ئەمە لە جیهانی شیعری نوێ دا بەو شیوازە بوونی نییە یان بە شکڵێتر بوونی هەیە، ئێمە لە جیهانی شیعریی نوێ دا مۆسیقای دەروونیمان هەیە بەڵام مۆسیقا لە قاڵبی سەروا دا وەکوو مەرج و قاعیدە و یاسایەک ئامادە نییە. خودی ئەم دوو حاڵەتە زەقە لە تایبەتمەندیی، دەرخەری دوو جیهانی ژینکراوی(Life world) تایبەت بە هەرکام لەم جیهانانەن، واتە شیعری کلاسیکی زایەڵە و نەوای جیهانێکی نەریتی(traditional) و سرووشتی و «حوجرەیی» و بێگەرد بووە و شیعریی نوێش دەرکەوتەی جیهانی شار و رووداوی نوێ و شێوەژیانی تازە. بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە شاعیرێ وا مرخ و دەم و دووی کلاسیکییانەی هەیە لە ئێستا دا ناتوانێت فەزای شار تێبگات، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە چەندە رێگە بە شار دەدات لە شیعرەکەی دا دەربکەوێت، شار بەهەموو تایبەتمەندیی و چاکە و خراپییەکانی، ئێمە هەنووکەش هەندێ شاعیری کلاسیکیمان هەیە کە لە شارەگەورە و پایتەختەکانی ئەروپا دەژین بەڵام دەڵێی لە

گوندێکی بناری کوردستان دەژین و رۆحی شیعرییان هەر لە نەریت و شێوەروانینی ئەوێ دا قەتیس و چەقبەستوو ماوەتەوە، بەگشتی ئەمە یانی شاعیری کلاسیک دەتوانێت شتی تازە و مۆدێرن بخاتە قاڵبەکانی شیعری کلاسیکەوە بەڵام بە مەرجێک بیر و هزرێکی نوێ و تازەی پەسند کردبێت و بەتان و پۆی زمانە شیعرییەکەی دا دایدووربێت. ئەم خەسارە لە شاعیرانی نوێش دا غایب و نادیار نییە، واتە شاعیری نوێخوازی وامان هەیە کە فۆرم و فیگور و تەکنیکی شیعرەکەی بەروالەت نوێ و تازەیە بەڵام پەیام و هزر و گێرانەوەیەکی نەریتی و سواو دەخاتە روو. کەواتە ئەوەی لەم هاوکێشەیە دا گرینگە خۆی لە چەند جومگە و جەمسەر دا دەبینێتەوە؛ یەکەم : کراوەیی و فەزای نوێ کە لە میتافۆڕ(metaphor) و دەربڕینی «شار» دا ناوی دەبەم، دووهەم؛ دەرکردنی شیعر لە حاڵەتی پەند و نەسیحەت و شوعار و دروشم و ئەزموونکردنی جوانی ناسی و ئیستاتیکای تایبەت بە مرۆڤی شاعیر کە لە ژێر ناوی شیعرییەت پێناسە دەکرێت، سێهەم؛ هێنانە ئارای تەکنیک و شێوازی دەربڕینی شیعر گوتن یان گێرانەوەی شیعریی، چوارەم؛ دەرچوون و تێپەڕاندنی مەعریفەی ئەدەبی خۆمالّی و گەیشتن بە هەرێم و سنووری تازەی فام و تێگەیشتن لە خود و دونیا و ئەویدی. ئەم چوار جەمسەرە لە پێوەندی دیالیکتیکی و دانەبڕاوەن لەگەڵ یەکدی بۆ نموونە باوەڕی شاعیر بە مەعریفەی جۆراوجۆری شیعری دەبێتە هۆی کراوەیی دونیا و زەین و فەزای شیعری شاعیر و بە پێچەوانەش هەر راستە. ئێستە بۆ لێکدانەوەی شیعری کلاسیک لە لایەن شاعیرێک کە لە ئێستەی ئەم جیهانە پرئاڵۆز و بزۆر و دینامیکەی ئێمە دا دەژی بەراستی چ شتێک پێوەر و پێوانگە؟ ئایا شاعیرێکی ئێستەمان کە زیندوو و بۆشناخە و لە ئەورووپا دەژی نابێت شیعری کلاسیک بڵێت؟ بێگومان من چ حەز بکەم یان نەکەم وەڵام بەڵێیە و تا ئێرە من لە رووی لۆژیکییەوە ناتوانم هیچ هەڵوێستێکم هەبێت، بەڵام لە سەر چۆن گوتنی شیعری کلاسیک بێگومان سەرنج و تێڕوانین وقسەی زۆر هەیە. ئایا شاعیرێک لە رۆژگای مۆدێرن تا چەندە دەتوانێ و مافی ئەدەبی و دیسکۆرسیڤ و شیعریی هەیە کە بە هەمان شێوە باسی سرووشت و نیشتمان و یار و هیجران و...بکات کە شاعیرانی یەک سەدە یان نیو سەدە پێشی ئەو کردوویانە؟ بێگومان لە رووی رەخنەی ئەدەبییە ئەم مافەی نییە و ئەگەر شاعیر ئەم مافەش بۆ خۆی دابنێت ئەوا دونیایەکی سواو و دووپاتەکی بەرهەم هێناوەتە وە، لە هەمان کاتیش دا زەوق و ئاست و ئاسۆی چاوەڕوانی(Horizon of expectation) خوێنەری هەڵخەڵەتاندووە و شیعرییەتیشی نەک تەنیا بەرەو پێش نەبردووە بەڵکوو تووشی خەسار کردووە.

«نیشتمان» لە باوەش یار و کلاسیک دا

زەقترین دەرکەوتەی ئێمە وەکوو قەوارەیەکی زمانی- کەلتووری و نەتەوەیی لە شیعر دا بووە، سەرەڕای خەسار یان لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم حاڵەتە ئۆنتۆلۆژییایەی ئێمە، دەبێ بزانین کە شیعر قەت دابڕاو نییە لە واقیع و هەل و مەرجێک کە تێیدا دەژین، بەڵام شکڵ و شێوازی تێگەیشتنی ئێمە لە واقیع جیاوازە واتە واقیع بابەتێکی ڕێژەییە. ئەدەب و شیعریی کوردی لە یەک سەدەی رابردوو دا دابڕاو نەبووە لە رۆحی بەرگریی و خەونی نیشتمان تا شۆنێک کە جوانی «سرووشت» و «یار»یش پاساوی خۆیان لە هەرێم

و زەوینـی نیشـتمان و وڵات وەردەگـرن. لـە هـەر قۆناغێـک دا کـە خەبـات و شۆڕشـی کـوردی تووشـی نسـکۆ و شـکان بـووە کاریگـەری لەهەسـت و نەسـتی شـاعیرانیش دانـاوە، رۆحـی بەرگـری و بەرخۆدانـی نیشـتمانی لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان مۆتیـف(motif) و بـن مایـەی گشـتی شـیعری کـوردی بـووە، ئەگەرچـی ئـەم حاڵەتـە لـە هـەر پارچەیـەک جیـاواز بـوو بێـت و تاکـە فـەزای زاڵـی شـیعری شـاعیرانیش نەبووبێـت واتـە بـە گشـتی رۆحـی بەرگـری و نیشـتمان پەرەسـتی بـەردەوام ئامـادە بـووە، ئەگەرچـی بـە زمـان و دەربڕیـن و گۆشـەنیگای جۆراوجـۆر. بـەڵام شـتێک کـە دەبـێ سـەرەنجی بدەینـێ ئەوەیـە کـە وێناکـردن و گێڕانـەوەی نیشـتمان لەهـەر پارچەیـەک و لای هـەر شـاعیرێک چۆناوچـۆن بـووە؟ واتـە شـاعیرێکی حیزبـی بێگومـان جیـاواز لـە شـاعیرێکی سـەربەخۆ و رۆمانسـی و... دەڕوانێتـە نیشـتمان، لای شـاعیری حیزبـی مەترسـی بـە ئایدۆلـۆژی بـوون و بەرتەسـک بوونـەوەی ماناکانـی نیشـتمان هـەر دەم لـە ئـارا دایـە، ئەگەرچـی مـەرج نییـە ئـەم مەزەنـد و ئەگـەرە بـۆ هەمـوو شـاعیرێک کـە هۆگـری حیزبیـی هەیـە بـە رەوا بزانیـن. لای شـاعیرێک کـە لەسـەر هـەواری حیکمـەت و ئاییـن گیرسـاوەتەوە مانـای نیشـتمان جیایـە لەچـاو شـاعیرێک دا کـە بـە فەلسـەفە و پرسـیارەوە دەهۆنێتـەوە.

خوێندنـەوەی دیوانی»لـە چـاوی شـیعرەوە» بەشـی یەکـەم؛ حەمـە عەزیـز

لێـرەدا سـەرنج دەدەینـە چەنـد شـیعری شـاعیر «حەمـە عەزیـز» و ئەو تێـم و ناوەرۆکانـەی کـە لـە قـەوارەی ئـەو شـیعرە کلاسـیکییانەی کـە لـە سـاڵانی 1976 تـا 1995 لـە دیوانـی «لـە چـاوی شـیعرەوە» دا دەرکەوتـوون،

**حەمە عەزیز**

و چەنـد شـیعری لێـک دەدەینـەوە و رەخنـەی دەکەیـن. دەبـێ خوێنـەر ئەمـەی لـە بەرچـاو بێـت کـە ئـەو پرسـیارانەی کـە لـە سـەرەوە خسـتمە روو رۆڵێکـی بنەڕەتـی و چاوسـاغانە دەگێـڕن لـەوەی کـە ئایـا ئـەم شـیعرە

کلاسیکانە چەندە هەڵگری توخم و لایەنی تازە و شیعرییەت هەن و تا چەندە توانیویانە جیهانی نەریتی مانا و دووپات کراو و سواو ببەزێنن.

لە شیعری «رەوتی ژیان» کە بۆ هەردی شاعیر نووسراوە و لە چوار پارچە چوارینە پێکهاتووە، گلەیی لە رۆژگار و ژیانی ناشاد و نامورادی و ناکامییەکانێتی کە لەگەڵ پەریزادە و بەردەنگێکی شاعیر باس دەکرێت و ئەم شکڵە لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆک و مانا، کۆنە و هەمان وێنەگەل و ئاخ و ئۆف و حەسرەتانێکن کە لە شیعری شاعیرانی پێشووی کلاسیکی کوردی و فارسی دا بە زەقی دەرکەوتووە:

## رەوتی ژیان
## بە یادی (هەردی)

**لە ڕێگەم لامەدە، تا سەر فریشتەی بەرزی جوانی نیت**
**تەمەن تاوێکە، تا ئەنجام لەگەڵ ڕەوتی ژیانی نیت**
**ئەزانم ناسك و بەرزی لە دنیای جوانی یا ئەمڕۆ**
**سبەی گەنجیی ژیان ئەڕوا، هەتا سەر دەستگیرانی نیت**

*

**ئەزانی ئەو گوڵی لێوە کە ئێستا نۆبەرەی ڕازن**
**لە سیحری پێکەنینا بێ نموونەو دەگمەن و شازن**
**لە ئەنجاما بەدەم گەردی سزاوە سیس ئەبێ بەهەرەی!**
**ئەگەرچی بەهەردارو هەڵبژاردەی گوڵشەنی نیازن**

*

**ئەوی ئێستا مەبەستمە لەم قسانە ئەی پەری زادەم**
**کە بێی تێر لات سکاڵاکەم لەدەست ئەم ژینە ناشادەم**
**ئەگەرچی تۆ شەماڵێك بووی بەڕێکەوت ڕووت لەڕێگام نا**
**بەڵام من وەك نەمامێکم کە ئەم سەررێیە بەرنادەم**

*

**گەلێکم دی وەکو تۆ هاتن و ڕۆین لەڕێگەم دا**
**بەنیگا جێی برینێکیان لەڕوانگەی قووڵی دیدەم دا**
**گوڵێك بوون هەڵوەرین ڕۆین وەکو فرمێسکی هەڵڕشتووم**
**کە ئێستا جوانەمەرگێکن لە هەست و ناخی سینەم دا**

1976

ئەم شیعرە ئەگەرچی ناتوانین بێ چێژوەرگرتن بەسەری دا تێپەڕین بەڵام شتێکی تازەی وای دەرنەخستووە کە گوێی هەست و نەستی ئێمە بژەنێت و بەگشتی رامانچڵەکێنێت. ئەگەرچی رەنگە دەق و شیعرەکانی ئێستەی شاعیر ببینین لەم حاڵەتە تێپەڕیبێت و شێوازیتری لە ماناگۆڕین و واتاداڕێژی ئەزموون کردبێت، وەکوو دیارە ئەم شیعرە لە ساڵی 1976 دا نووسراوە.

لە شیعری»نیازێک» دا جۆرە حیکمەتێکی سەر بە مەعریفەی حوجرە دەبینین کە شێوازی زەمینی و بەرهەستەکەی لێرە دا دەرکەوتووە و لە قەوارەی پرسیار دا جوانی یار و هەستی خۆی بۆ سیحری جوانییەکەی دەردەبڕێت:

## نیازێك

**نیازم بوو کە نامیلکەی سزای ڕۆژانی سەرسەختم**
**لەگەڵ کاروانی ئازاری دەمی شەوگاری ناوەختم**

...

**بەڵێ نازدارەکەم هاتووم کە پرسیارێ لە چاوت کەم**

**بەدەم پرسیارەوە پەنجەم بە شانەی پرچی خاوت کەم**

شێتێکی تازە کە لەم شیعرە دا هەیە فۆرمی پرسیارئامێزی داڕشتن و رەنگدانەوەیەتی لە ناوەڕۆک دا کە «بۆ» و پرسیارێک رووبەڕووی دونیای دەروونی خۆی و چاوی یار و دواجار ئەفسانەی هیجران دەکات!

**ئەشێ تا کەی لە گۆمی دووریتا ون بێ وشەی ناخم**

**کە ئێستا تێکەڵن سەرجەم بە دەریای بێ بنی ئاخم**

1977

لە کۆی 26 شیعری دیوانی «لەچاوی شیعرەوە» بەشی یەکەم؛ باسی خۆشەویستی، سرووشت، نیشتمان و شۆڕشگێڕێتی و خەبات کراوە. لە چەندین شیعر دا کە وەکوو شیعرە بۆنەییە ناسەرکەوتووەکان یان کەمتر سەرکەوتووەکان دەکرێ ناویان لێ ببەم، شیعرگەلی «لە زمان ئازیزانەوە( کە بۆ دوو هاوڕێی کوچکردووی شاعیر بە رووداوی هاتووچۆ نووسراون)»،«پێناس(کە بۆ پێشمەگەیەکی ژن نووسراوە)»، «کەفی تووڕە(بۆ سروە)» و «هەڵوێستە» لەخۆ دەگرن، چەند شیعری بۆنەییتر هەیە کە دەشێت لەچاوەی ئەم شیعرانەی کە ناوم هێنان بە سەرکەوتوو باسیان بکەین وەکوو «بەستەی تاڵ» و «خۆشەویستی»، سەرکەوتنی ئەم دوو شیعرە بۆنەییەش تەنها بە مەرجێک پەسەند دەکرێت کە لە چوارچێوەی ئەدەب و شیعری منداڵان دا پۆلینیان بکەین. چوون یەکەمینیان بۆ لاڤۆی کوڕی شاعیر نووسراوە و دووهەمینیشیان بۆ تیپی موسیقای منداڵان لە سلێمانی نووسراوە، ئەم دوو شیعرە نەوا و لەحن و ریتمێکی منداڵانەیان هەیە و لەرێگەی بەیتگەلی کورت و کێشی خێرا و پڕ وزە هۆنراوەتەوە.

**بەستەی تاڵ**

**بۆ «لاڤۆ»ی کوڕم**

**منی «لاڤۆ» بەڵێنم داوە بابە**

**ئەوی ئەیڵێم لە بوونی دڵنیابە**

**ئەبێ هێژاو نموونەی ناو خەڵك بم**

**لەهەر جێیە گوڵت دی، من چەپك بم**

**گەڕۆکێك بم بە شوێن سایەی ژیانا**

**شەکەت ون کەم لە ڕەنجی بێ وچانا**

**وەکو هەنگ بم گرۆی هەستی پەپولەم**

**هەتا تیابێ هەوێنی تین و جووڵەم**

**ئەمەکدار بم لە گۆستاخی و ڕەوشتا**

**بە پەروایی لە هەڵوێستی درشتا**

**پەرۆش بم خۆگرێکی بەختەوەر بم**

**لە ڕەوتا ڕاستەوانەو تاجی سەر بم**

**کە هەستت کرد ڕەوایە بانگی نیوەم**

**منی ئەستێرە دەنگی دێ جریوەم**

**ئیتر ئەوسا بەسەر کێڵگەی هەژارا**

**بەسەر مەزراو خەوی تینووی نەدارا**

**ئەبارێم، شەستەبارانم کەژۆکێو**

**هەڵمئەگرێ و بنار ئەمنێتە سەر لێو**

1992

ئەگەرچی ئەم شیعرە بە بەراورد لەگەڵ شیعری ماموّستا قانیع کە بۆ وریای کوڕی نووسیویەتی شێتێکی تازەی پێ نییە و تووشی لەحنی

حەمە عەزیز

پەند و ئامۆژگارییەکی باوکسالارانە بووەتەوە بەڵام جیاوازییەکە لەم شیعرە دا رەگەزی سرووشت و هێماکانی سرووشتە کە تێکەڵ بە زمانی شیعری شاعیر و دەربڕینی شیعر بووە و ئەمەش لایەنی بەرگری

و حەماسی شیعرەکە تەنانەت لە شیعرێکی پەندئامێزی بۆنەیی وا دا، دەردەخات، واتە بە گشتی لە رووی ئەم تەکنیکەی تێکەڵکردنی سرووشت بە پەیام تازەیە. ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری ئەم 26 شیعرە بۆنەییەن بەڵام زۆرتر ئەو شیعرە حەماسی و بەرگری تەوەرە نیشتمانییە و چەند شیعرێکی ئەویندارانەی هیجران ئامێز سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. با ئەوەمان لە بیر نەچێت کاتێ ئێمە ئەم شیعرانە لە چرکەساتی ئێستا دا هەڵدەسەنگێنین بە تێڕوانینێکی بانزەمانی و لە دەرەوەی سالانێک کە شاعیر تێیدا ژیاوە و نووسیویە قسان دەکەین، نەک لە ناوزەمان و سەردەمی شاعیر دا، رەنگە ئەو شیعرانە لەچاوەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی خۆی دا دەرەوشاوە بن و ئەمەش تۆژینەوەیەکی رەخنەیی قووڵ و فیکریی دەوێت، ئەوەشمان لە بیر نەچێت لەم دەیەی دوایی دا رووداوەکان و رەوتی کرانەوەکان بە شێوازێک ئاڵۆز و خێرا بووگن کە لە زەوق و ئاسۆی بینین و چێژی ئێمە دا گۆڕانکاری گەورەیان دروست کردووە و بە هەمان ئەندازەش لە بیر و هزری ئێمە دا کاریگەر بوون واتە ئێمە بە گشتی لە دووجیهان و دوو شکڵ لە ئۆنتۆلۆژی و فۆرمی بوونناسانە قسە دەکەین.

شیعرەکانی»پێ سپێرێ(بۆ شەهیدێک نووسراوە لەزیندان پێش لە سێدارە دانی)»، «مارشی نەبەزین(بۆ سمکۆ)»، «تۆ لە روانگەی بەرزاییەوە(بۆ فوئادی سوڵتانی)»و «کۆچی سوور(بۆ شەهید شێرکۆ)» لەو شیعرانەن کە وەکوو سروود دەبێت ناویان ببەین واتە هەم بۆنەیین و بۆ کەسانێکی نیشتمان پەروەر و خودی نیشتمان نووسراون و هەمیش لەحنێکی بەرخۆدان و حەماسی و خۆڕاگرانەیان

هەیە و پێم وایە سەرکەوتووترینیان شیعری «پێ سپێڕێ» و «مارشی نەبەزین» بێت:

### پێ سپێڕێ

**ئەگەر دایە لەڕێی بوونی گەل و ئەم خاکەدا مردم**
**نەڵێی مەرگی کوڕم تووشی پەژارەو شیوەنی کردم**
**ئەبێ ئەوکاتە دڵشاد بی کە کوردو باوەڕی بەرزی**
**بەسەربەرزی لە باوەشتا بەرەو ئەم ڕێگەیەی بردم**

1976

ئەگەرچی قاڵب و فۆرمی چوارینە زۆرتر بۆ ناوەرۆکی فەلسەفی و فیکری بەکار دەبرا بەڵام ئەمە شتێکی تازەیە لەم شیعرە دا کە ناوەرۆکێکی نیشتمانی، فەلسەفی کردۆتەوە؛ واتە مردن و مەرگ لەم سروودە دا تەنها دروشم و قسەیەکی هەست ئامێزانە نییە، بەڵکوو شکڵ و شێوازێکی هەڵبژاردنە لە ژیانی کوڕ(شەهید) کە بۆ پەرۆشی و سۆزی دایک(نیشتمان-خاک) ی دەیکات! «دایک» لەم شیعرە دا هەم واتای خاک و نیشتمان دەدات و هەم واتای سەرچاوەی بەدیهاتنی بایۆلۆژی و جەستەییانە واتە هەمان دایکی بایۆلۆژی و جەستەیی.
بەشێک لە شیعرەکانی ئەم دیوانە ناوەرۆکیان عاشقانە و رۆمانسین و ئەگەر باشتر بڵێم دەرخەری عەشقێکی زەمینی ناکام و نەمرن! یان جۆرێک خولیای بێگەردی عاشقانەیە کە لەگەڵ تێم و ناوەڕۆکی هیجران و دووری و جۆرێک لە ستاتیکا و جوانی ناسی سروشت تێکەڵ بووە، لەو شیعرانە دەتوانین» عەشقێکی نەمر»، «لەچاوی شیعرەوە»، «دوانامە» و «من و تۆ» ناو ببەین، ئەگەرچی لە هەموو ئەم شیعرانە و شیعرەکانیتری ئەم دیوانەش رەگەزی سروشت وەکوو واقیع و هێماکانی سروشت وەکوو نیشانەیەک لە رۆحی بەرەنگاری و بەرگریی زاڵە، بەڵام لە ناو ئەم شیعرە رۆمانسی-سروشتیانە دا شیعری «من و تۆ» سەرکەوتووترینیانە.

### من و تۆ

**من و تۆ وەك خورەو هاژەی ڕوبارین**
**شنەی پاکی شەماڵی گوێ کەنارین**
**لەهەر جێیە ئەوین ڕەشماڵی هەڵدا**
**لەوێ سەرگەرمی جێ ژوانی بەهارین**

* *

**من و تۆ لەم هەواری سەرزەمینە**
**مەرامان چێژو سەرمەستیی ئەوینە**
**ئەوینیش گەر بەسۆز پێوانە بکرێ**
**بەقەد مەودای هەموو دنیا بەرینە**

* *

**کە ئێمە وەك گزنگی خۆرەتاو بین**
**بەرەو ئاسۆ لەگەڵ یەك تێکەڵاو بین**
**بەسەر کاروانی کازیوەی بەیاندا**
**ئیتر بۆچی نەیەین، پەرت و بڵاو بین**

1984

وەک دەڵێن هیچ شتێک باشتر لە شیعر ناتوانێت خۆی دەربڕێت، لەم شیعرە دا دەرکەوتە و پزیسکەکانی هەستی خۆشەویستی بەشێوەیەکی هونەرمەندانە تێکەڵ بە دیاردە و نیشانە دڕەوشاوە و جوانەکانی سروشت بووگن و ئەمەش خاڵی سەرکەوتووی ئەم جۆرە شیعرانەیە.

**سەرچاوەکان**:

-1رامان سلدن، پیتر ویدسون، مترجم عباس مخبر، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، طرح نو،1377

-2کتاب کردستان، بەکوشش منصور تیفوری، وەرزنامەی تیۆری، ئەدەبی ، کەلتووری، ئەنیستیتۆی کوردستان، هاوینی 2003



# حەمە عەزیز:
# شارەزاییەکی باشم لە شیعر دا هەیە و ڕەخنە گرێکی هەمیشەییم بۆ شیعرەکانم.

سازدانی : شاخەوان سدیق

**حەمە عەزیز: یەکێکە لە شاعیرە جوان و هەست ناسکەکانی ناو دونیای شیعری کوردی. ئەو لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، بەرهەمەکانی بلاوەکاتەوە، بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون بە بەرهەم و شیعرەکانی ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازدا.**

***زۆر جار باس لەوە دەکرێت، مرۆڤ بۆ ئەوەی شیعرێکی جوان بنوسێت پێویستە رۆحی پیربوبێت، تا چەند تۆ بڕوات بەو وتەیە هەیە، شیعر نوسین لای تۆو بۆتۆ ئیلهامە یان مەعریفەو ئەزمون؟**

_ من لەگەڵ پیربونی رۆحی شاعیردا نیم بۆ نوسینی شیعرێکی سەرنج ڕاکێش و چێژدار، بەڵکو پیربونی ئەو ڕۆحە لە ئەزمونی نوسینی شیعر و تۆخ بونی خۆشەویستی و، خەست بونەوەی بایەخی دا دەبینم بۆ نوسینی شیعری جوان. ئیلهام لە دۆزینەوەی ئەو مژارەدایە کە شیعری بۆ دەنوسرێت، دەنا هەڵچنینی پایەکانی شیعر دەوەستێتە سەر ئەزمون و بەهرەی هۆشیاری بۆ دروست کردنی وێنا و سازدانی وێنەی شیعری، ئینجا سەلیقە و وردەکاری بۆ دۆزینەوەی ڕیتمێکی ئەفسوناوی بۆ شیعرەکە.

***ئەگەر سەیری شیعرەکانی تۆ بکەین بەر دوجۆر لە شێواز دەکەوین، شێوازی یەکەم گرنگی دان بە کلاسیك و شێوازی دووەم کارکردن لە سەر بنەماکانی شیعری نوێ، ئەمە ڕێکەوتە یان مەبەستی خۆتی لە پشتەوەیە؟**

_ ڕاستە من لە کێش و سەروا و ڕێکخستنی ڕیتمی شیعرەکانم دا، کاریگەری شیعری کلاسیکی ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانم دا هەیە، چونکە کێشەکان زۆربەیان ئەو کێشانەن کە شاعیرانی کوردی کلاسیک شیعریان لەسەر ڕێک خستووە، ئەمە وەک ڕوکەش، بەڵام لە کرۆکدا هەتا توانیبێتم چرای بنەمای شیعری نوێم بۆ هەڵگیرساندون و، پاساویشم ئەو وێنە شیعریانەیە کە تەواو نوێگەریان پێوە دیارە و ئاوێتەم کردون لەگەڵ وشەی ڕەسەن و ناسکی کوردی دا. لای من شیعری زیندوو بیرۆکەی شیعر دروستی دەکات، کە ئەمەش لە وێنەی شیعری دا خۆی دەبینێتەوە نەک لە ڕوکەشی شیعرەکە دا .

***هەندێکجار شیعر بەبێ ویستی نوسەرەکەی بۆ ئاوازو گۆرانی دەنوسرێت و وەك ژانرێکی تایبەت بە گۆرانی سەیردەکرێت، تۆ تا چەند بە مەبەست شیعرت بۆ گۆرانی نوسیوە؟**

_ شیعری من کێش و سەروا دارە لە پاڵ وێنەی شیعری ناسک دا، کە هەست و سۆزی ڕۆمانسی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمانەش بابەتەکە پتر دەخەملێنێت بۆ کەسێکی هونەرمەند بۆ ئەوەی بەستە یان مەقامیان لەسەر دروست بکات، چونکە لای ئێمە شیعری کێش و سەروا دار سانایە بۆ بواری گۆرانی وەک لە پەخشانە شیعر، بەڵام لە دڵەوە خەم دامدەگرێت ئەگەر کەسێک ناشارەزا و بێ ئەزمون شیعرەکانم بە شیعری گۆرانی ناوزەد بکات، نەک تەنیا شیعری خۆم، بەڵکو هەر هەموو ئەو شیعرانەی کە کێش و سەروایان هەیە، ئاخر تاوان نیە غەزەلە کەم وێنە و لوتکەکانی شیعری کلاسیکی بخرێنە خانەی شیعری گۆرانی و، لەگەڵ بەندی میلی و شیعری فۆلکلۆر دا تەبا و هاوسەنگیان بکەیت. شیعری گۆرانی سادە و ڕونە لە واتا دا، وێنەکانی خەسڵەتی سادەیی و ساکاریان پێوە دیارە، ئەمە وێڕای کێش و سەروای لەبار بۆ چڕینی گۆرانی.

***دەوترێت هەندێك تێکست کە دەکرێن بە گۆرانی و ئاوازیان بۆ دادەنرێت زیاتر مەعنا وەردەگرن و بە زیندویی دەمێننەوە وەك ئەو چەند شیعرەی**

**بەرێزتـان کـە کـراون بـە گۆرانـی تاچەنـد ئـەم بۆچوونـە ڕاسـتە؟**

_ ڕاسـتە و بـێ گومـان هاوپشـتی خـۆم دەردەبـڕم لـە، وەڵام دانەوەمـدا بـۆ پرسـیارەکەت، لای ئێمـە واتـە لـە نێـو کـورد دا شـیعری جـوان کاتێـک جوانـتر دەبێـت کـە ئـاوازی لەسـەر دادەنرێـت و دەکرێـت بـە گۆرانـی، چونکـە گۆرانـی لـە هەمـوو کایـە کەلتوریەکانـی تـر لـە نێـو کـوردا بەربـڵاو تـر و شایسـتەترە، هـەر ئەمـەش وای کـردووە شـیعرەکانی مـن و شـاعیرانی دیکـە لـە ڕێـی گۆرانیـەوە هـەوادار بـۆ خۆیـان پەیـدا بکـەن و بـڵاو ببنـەوە، چونکـە بـە داخـەوە شـیعری کـوردی خۆێنـەری کەمـە و لـە چـاو عاشـقانی بیسـەری گۆرانـی دا ڕێژەکـەی بـەراورد ناکرێـت.

*** لـە نێـوان خۆشەویسـتی نیشـتمان و خۆشەویسـتی مێینـەدا لـە زۆر شـیعرتا گەمەیەکـی جوانتـان کـردوە. ئـەو هەسـتە لەکوێـوە سـەرچاوەی گرتـوە بۆ داڕشـتنی بیرۆکـەی ئـەو تێکسـتانە؟**

_ مـن ئەمـە بـە گەمـەی هەژمـار ناکـەم، بەڵکـو داهێنانـم تێـدا کـردون، چونکـە لـە گەمـەدا دۆڕاو و بـراوە هەیـە، مـن شـارەزاییەکی باشـم لـە شـیعر دا هەیـە و ڕەخنـە گرێکـی هەمیشـەییم بـۆ شـیعرەکانم، بـۆ زانینتان شـیعرێک تـەواو دڵنیـا نەبـم لـە جوانـی و داهێنـان تێیـدا نـاوی ئاشـکرا کردنـی نوسـینیان لـێ ناهێنـم، چونکـە لـە بـڕوای مـن دا { بەرهەمـی کـەم و جـوان، نـەک بەرهەمـی زۆر و بـۆر } پێگـە و متمانـەی هەیـە، بـە پێچەوانـەی زۆر کـەس بەتایبەتـی ئـەم پەخشـانە شـیعرەی ئێسـتا، کەسـی وا هەیـە لـە مانگێـک دا کتێبێکـی بەنـاو شـیعر چـاپ دەکات لەمسـەری کتێبەکـەوە بـۆ ئەوسـەر دێڕێکـی جـوان و شـیاوی تێـدا نابینیـت. هەڵبەت بـۆ نوسـینی شـیعرەکانم لەپـاڵ ئەزمـون و تەمەنـی نوسـینی شـیعرم دا، کەسـایەتی هـەن کـە هـەر یەکەیـان هەوێـن بـون بـۆ شـیعرێکم، ئەمـەش لـە زادەی بیروباوەڕمـەوە سـەری هەڵـداوە بـۆ ئـەو ڕێبـازەی پاڵـەوان یـان قارەمانـی شـیعرەکەم خـۆی بـۆ بەخـت کـردووە ئەمـە وەک شـیعرە شۆڕشـگێڕی و نیشـتیمانیەکانم ، بـۆ شـیعرە ڕۆمانسیەکانیشـم کەسـەکان ڕاسـتەقینەن نـەک لـە ئەفسـونی خەیاڵـەوە دروسـتم کردبـن و پەلکێشـم کردبـن بـۆ وێنـەی شـیعری ناوشـیعرەکە .

***ئێـوە خاوەنـی کۆمەڵێـک دەقـی جـوان و ناسـکن و یەکێکـن لـە دەنگـە جدیەکانـی سـاڵانی پێـش ڕاپەڕیـن بـەڵام وەك پێویسـت ئاوڕ لـە بەرهەمەکانتان نەدراوەتـەوە هـۆکاری ئـەوە چییـە؟**

_ ئـەو سـەردەمەی خولیـام بـۆ نوسـینی شـیعر کەوتـە کەڵکەڵـەم سـەردمی زێڕیـن بـوو بـۆ شـیعر، چونکـە شـاعیرانی { کاروانـی شـیعری نـوێ ی کـوردی } زۆربەیـان لـە ژیانـدا مابـون وشـیعریان دەنوسـی، منیـش وەک ئامانجێکـی خـۆم بـۆ نوسـینی شـیعرەکانم ڕژدانە { جدیانە } سـەیری شـیعر و نوسـینم دەکـرد، لەبیرمـە مامۆسـتایان ( هـەردی و دیـلان و مەدهـۆش و ع ح ب ) و مامۆسـتا ( هێمـن ) کـە هاتـە سـلێمانی، شـیعری خۆمـم بـۆ خوێندونەتـەوە سـەرنجیانم ڕاکێشـاوە بـەلای شـیعرەکانم دا و پەسـەندیان کـردووە، بگـرە پشـتگیر بونـە و هانیانـداوم بـۆ بەردەوامیـم، کەچـی مەخابـن هێنـدەی ماندو بونەکـەم لـە بـواری شـیعر دا گرنگـی و بایەخـی دەزگاکانـی بـڵاو کردنـەوەم بـە خـۆوە نەبینیـوە. هـۆی ئـەم بایـەخ نـەدان و پەراوێـز خسـتنەم بەشـێکی دەگەڕێنمـەوە بـۆ میدیـای حزبـەکان، چونکە بـووە بەنەریـت و باوێکـی حزبـی ئەگـەر نوسـەر یـان هونەرمەنـد سـەر بە

حزبێک نەبێت ، ئەوا ناوی کوێر دەبێتەوە و زیندە بە چاڵ دەکرێت لە کەمتەرخەمی و پەراوێز خستن دا ، جا منیش وەک قوربانیەکی ئەم دیاردەیە زەبری ئەو سزایەم پێگەیەنراوە و، کەسێکم نەدی بۆهاوپشتی و هاوسۆزی لە شیعرەکانم بە چاوی بایەخدانەوە سەرنج لە خۆم و شیعرەکانم بدات. زۆر جار لە دڵنەوایی بۆ خۆم دەڵێم: کاشکێ شاعیر نەبومایە و ئەم بەدبەختی و مەرگەساتیەم بۆ خۆم نەکردبا بە پاشکۆی ژیانم و، ئەوسا وەک کەسێکی ئاسایی خەمم نەدەبو بۆ پەراوێز خستن و گوێ پێ نەدانی میدیاکان دەربارەم .

***دۆخی شیعری ئێستای کوردی چۆن دەبینن، بەتایبەت شیعری گەنجەکان، تا چەند لێیان ئاگادان و دەیان خوێنەوە؟**

_ ئێستا من لە کوردستان ناژیم لە تاراوگە دەژیم، ئەو وڵاتەی تێیدا دەژیم نوسەر و هونەرمەندی کوردی زۆر زۆر کەم تێدا هەیە، ئەوانەشی هەن ئەزمونیان زۆر کەمە و لە بواری نوسین دا بە تایبەتی شیعر بەڵەد نین، ئەوەی ماوەتەوە لە ڕێگەی فەیس بوک و سایت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکانەوەیە، ئەوانیش کەسی ناودار نین و نوسینەکانیان هەر چی شتێک بێت شیعر نیە ئەوان کە بە ناوی شیعرەوە بڵاوی دەکەنەوە، چونکە قسەیە و بێ کێش و سەروایە و وێنەی شیعری کرچ و کاڵە و، دەتوانم بڵێم گوتارێکی ڕوتە و هیچی تر، بۆیە هەتا پێم دەکرێت بەرهەمیان ناخوێنمەوە، ئەوەندەی شیعرێکی کلاسیک یان ڕومانسی شاعیرانی پێش ئەم سەردەمە سەرنجم ڕادەکێشێت و لە ناخدا دەمهەژێنێ، ئەمەندە ئەم نوسینانەی ئێستا کە بە ناوی شیعرەوە دەیخەنە بەر چاو نامجوڵێنێت .



# خوێندنەوەیەک بۆ شیعری لە (چاوی شیعرەوە)ی حەمە عەزیز

فریا محەمەد

## لە چاوی شیعرەوە

ئەی بەژن ڕێك، لەنجە جوان خاوەن سەرنج، شێوەت پەری
بۆ نیگایەك وێڵ و شەیدام، باڵی شیعرم هەڵوەری
هەر ئەوەندەم دیوە چاوت وا لەژێر برژانگی ڕەش
وەك گەلاوێژ شوێن مەبەستن، بۆ سەرنجێ ئاڵ و گەش
تیشکی ڕووت کاتێ لە دەریای قوواڵی ئەندێشەم ئەدا

**خشڵی شیعرم وا ئەڕازێ، بووکی هەست جوانتر ئەکا**
**وەك پەپوولە، گیانی تینووم بۆ قومێ عەتری نیگات**
**دێت و ئەڕوا، هەر شنەی دێ، تا بە برژانگت بگات**
**جا کە تێر بۆ بوو لە باخچەی دیمەنی پاراوی تۆ**
**تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ**
**دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو ئەنێم**
**مەست ئەبم بەو بۆنە خۆشەو بەستە بۆ چاوت ئەڵێم**

شیعری لە چاوی شیعرەوە، یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی شاعیری کورد حەمە عەزیز، کەم تا زۆر، زۆربەمان ئەم شیعرەمان بیستووە و گوێڵێبووە کە لەلایەن هونەرمەندی دەنگخۆش مامۆستا نەجمەدین غوڵامییەوە گۆرانییەکی جوان و دڵڕفێنی لێ چێکردووە، ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٧٨ نووسراوە و یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی شاعیر، کە لەگەڵ خوێندنەوەیدا هەست بە ناسکی و جوانی زمان دەکەیت، کە چەند بە کارامەییەوە هەستی خۆی و وێنە شیعرییەکانمان نیشاندەدات بە زمانێکی سادە و بەرزی شیعرییەوە. ئەوەی لەم نووسینەدا بۆمن گرنگە قسەکردنە لەبارەی زمانی شیعری شاعیر و واتا شاراوەکانی ئەم شیعرەوە کە دەکرێت بپرسین زمانێکی سادە و واتای شاراوە چۆن یەکدەگرێتەوە؟ من لەم نووسینەمدا هەوڵەدەم ئیش لەسەر دوو نەخشێزاوی شاعیر بکەم، یەکەمیان گرنگی و جوانی سادەگۆیی زمانە، دووەمیشیان شیکردنەوەی واتاکانی پشت دێرە شیعرییەکانە.

## سادەیی زمان وەك خاڵێك بۆ نەمری شیعر

لەم شیعرەدا جیا لە ڕیتم و مۆسیقا دەمانەوێت لەبارەی سادەگۆیی زمانەوە قسەبکەین کە شاعیر تا چەند توانیویەتی سەرکەوتووبێت و زمان وەک بنەمای نووسین وەگەڕ بخات بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکان و کۆکردنەوەیان لەژێر چەتری ستاتیکادا، تاچەند توانیویەتی هاوسەنگی بپارێزێت لەنێوان لەدەستنەدانی واتا و سادەیی زماندا؟ شاعیر بە زمانێکی زۆر سادە و بێ خەوش ئەم شیعرەی نووسیوە و توانیویەتی پرۆسەی بە شیعریبوون سەرکەوتوانە ئەنجامبدات، جیا لە شاعیرانی دی شاعیر کۆمەڵێک کەرەستەی شیعری بەکارهێناوە کە سادە و بێ گرێن و خوێنەر پەلکێش و ئاوێتەی شیعرەکە دەکات کە ئەمە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی شیعری سەرکەوتوو. گرنگتر لەمە ئەو کەرەستە شیعرییانەیە کە کۆی شیعرەکەی پێ چێکراوە، بەگشتی تەواوی کەرەستەکانی ئەم شیعرە کەرەستەگەلێکن ڕیشەی سرووشتیان هەیە و سوودی لە جوانییەکانی ڕوخساری ئەو وەرگرتووە کە ئەمەش بەدەرلە خەسڵەت و بنەماکانی شیعر لەو زەمەنەدا هاوکات کەشفکردن و مانیفێستکردنی جوانییە بە فۆرمێکی باڵاتر ئەویش پرۆسەی شیعراندنە.. گەر وردبینەوە هەمان فۆرم و هەمان ئیش لای شاعیرانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدیدەکەین، کە چەندین شاعیری تر هەبوون وەک «گۆران و کامەران موکری و ئەحمەد هەردی».. هتد، کە دەکرێت بڵێین شاعیر وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی سوودی لە کەرەستەگەلێک وەرگرتووە کە ڕیشەیەکی سرووشتیان هەیە و بەڕواڵەت سادەن. بەڵام ئەرکی واتاییی تریان تێیدا جێدەکاتەوە و زمانێکی بێ خەوش و ڕەوان دروست دەکەن. جیا لەمەش دەستبردن بۆ کەرەستە سرووشتییەکان ناسکییەکی بەخشیوە بە شیعرەکە و بۆتە هۆی ڕازاندنەوەی زمانی شیعریی. سادەیی زمان

هێـز و توانـای شـاعیر دەردەخـات، هەڵبـەت ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە بتوانێـت وێنـە و ئـەو گوزارشـتانەی هەیەتـی لـە چوارچێـوەی پرۆسـەی بـە شـیعربوونداجێیـان بکاتـەوە، لـە شـیعردا چەنـدە زمـان سـادەبێت هێنـدە توانـای مانـەوە و بەرگیرکردنـی لەناوچوونـی دەبێـت، بەمەرجێـک کـۆی شـیعرەکە هێـزی واتایـی و فـۆرم و شـیعریەتی تەواوبێـت، بۆیـە دەکرێـت بڵێـین ئـەم شـیعرەش هێـزی مانـەوەی لەدەسـت نـەداوە.

لـەم شـیعرەدا شـاعیر پیـتر لـە حیکایەتخوانێـک دەچێـت کـە دەیەوێـت کۆمەڵێـک ڤیدیـۆی شـیعریمان بـۆ بەیـان بـکات کـە ئەندێشـە و خەیاڵیـان بەگیـر هێناوە، هەربۆیـە جیـا لـە بابەتـی زمـان دەکرێـت ئـەوەش بڵێیـن کـە ڤیدیـۆ شـیعرییەکان لـە ڕۆحـی سروشـت و واقیعـی جوگرافیـای شـاعیر و ڕوخسـاری ئـەوی تـرەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، هەربۆیـە لێـرەوە جارێکـی تـر هێـزی زمـان و تیشـکی ڤیدیـۆ شـیعرییەکان لێکدەئاڵێـت بـە خەیـاڵ و سـۆزی خوێنـەردا. بەگشـتی ئـەم شـیعرە پێکهاتـووە لـە کۆمەڵێـک ڤیدۆیـی شـیعری کـە کـۆی شـیعرەکەش وەک حیکایەتێکـی ئەندێشـەکراوی شـاعیر ببینیـن، چونکـە شـاعیر دەڵێت: هـەر ئـەوەنـدەم دیـــوە چـــاوت وا لـــەژێـــر بـــرژانـــگـــی ڕەش/ وەك گـەلاوێـــژ شـــوێـــن مەبـەسـتـــن، بـۆ سـەرنجێ ئـاڵ و گـەش. دیـارە شـاعیر لـە نیـگای چـاوی ڕەشـەوە کـۆی ڤیدیۆکانـی ترمـان بـۆ بەیانـدەکات کـە بەرەنجامـی خەیاڵـی شـاعیرە، لێـرەدا گرنگـە ئـەوە بڵێیـن کـە ڤیدیـۆ شـیعرەکانی ئـەم شـیعرە دابـەش دەبێـت بەسـەر دوو بەشـدا بەشـێکیان بریتییـە لـەو دیمەنانـەی کـە شـاعیر خـۆی بینیویەتـی و بەشـی دووەمیـان بەرەنجامـی خەیاڵـی شـاعیرە کـە ئیلهامـی لـەو دیمەنانـە وەرگرتـووە و ڕژاونەتـە ئەندێشـەیەوە، یـان کۆمەڵێـك پیشـبینی و ئاواتخواسـتنن کـە ئەگـەری ڕوودان یـان ڕوونەدانیـان هەیـە. هەربۆیـە ئـەم شـیعرە لـەڕووی بابەتـی شـیعرییەوە خـاوەن بابەتێکـی بەهێـز نییـە و تەنیـا گواسـتنەوەی وێنـە و دروسـتکردنی ڤیدیۆگەلێکـە بـۆ خەیاڵـی خوێنـەر، ناکرێـت بڵێیـن یەکێتـی دەق لـەم شـیعرەدا بەهێـزە، بـەڵام ئـەوەی وایکـردووە ئـەم شـیعرە ببێتـە تێکسـتێکی جـوان و سـەرکەوتوو دانەبڕانـی کـۆی ڤیدیـۆ شـیعرییەکانە لەیـەک و هەنێجاریـش سـەرجەمیان یـەک ڤیدیـۆی شـیعری نمایـش دەکـەن، کـە تـەواوی شـیعرەکەش وێنەیەکـی گەورەترمـان نیشـاندەدات و یـەک لـەدوای یـەک ڤیدیـۆی پێشـترمان بـۆ تـەواودەکات، بـەڵام وەک باسـمانکرد ڕیشـە و هـۆکاری دروسـتبوونی ئـەم شـیعرە دەگەڕێتـەوە بـۆ نیـگای دوو چـاوی ڕەش و دواتـر هەڵـوەدای شـاعیر دەرەخـات بـۆ گەیشـتن بـەو دووچـاوە ڕەشـە و بـە خاوەنـی دوو چـاوە ڕەشـەکە، کـە تێکـڕا گوزارشـتە لـە تینوێتـی شـاعیر بـۆ جوانـی و گرنگـی «ئـەو» کـە هـەم بـۆ ڕۆحـی تینـوی شـاعیر و هـەم بـۆ ئیلهـام و سـەرچاوەی شـیعرەکانی بایـەخ و گرنگـی گوزارشـت لێکـردووە. بۆیـە گـەر بپرسـین هـۆکاری دروسـتبوونی ئـەم شـیعرە چییـە؟ یـان ئـەم شـیعرە بـۆ نـووسراوە؟ ئـەوا لەبەرەنجامـی ئـەو باسـەی پێشـتردا دەکرێـت بڵێیـن گواسـتنەوەی ئـەو دیمەنانەیـە کـە لـە ئەندێشـەی شـاعیرەوە هەڵقـوڵاوە بـۆ خوێنـەر، هـاوکات مانیفێسـتکردنی تینوێتـی و تاسـەی شـاعیرە بـۆ «ئـەو» دواتریـش گرنگـی و جوانـی ئـەوە بـۆ هەڵقوڵانـی شـیعرەکانی. هەڵبـەت لـە بەشـی دواتـری نووسـینەکەدا یەکێکـی تـر لـە گرنگـی و هـۆی سـەرهەڵدانی ئـەم شـیعرە لێکدەدەینـەو.

تیشـکـی ڕووت کـاتێ لە دەریـای قـوونڵی ئـەندێشـەم ئـەدا/ خـشـڵـی شـیعرم وا ئـەڕازێ، بـووکی هەسـت جوانـتر ئـەکا. شـاعیر لـەم دێـڕە

حەمە عەزیز

شیعرەدا مانیفێستی هەستی خۆی و جوانی و گرنگی ڕووی ئەومان بۆ دەرەخات، لەیەک کاتدا پێماندەڵێت کە ڕووی تۆ هەم شیعرەکانم ڕازاوەتر دەکات، هەم هەستەکانم جوانتر دەکات، دەکرێت ئەوەش بڵێین بینینی ئەو لای شاعیر بینینێکی خەیاڵی و ناواقیعییە، چونکە شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا دەڵێت تیشکی ڕووت کاتێک لە دەریای قوڵی ئەندێشەم ئەدا، لێرەوە تێدەگەین شاعیر لە ئەندێشەی خۆیدا ڕووی ئەوی بینیوە و هاتۆتە قوڵایی خەیاڵییەوە، بۆیە ئەم دێرە شیعرەش یەکەمین گێڕانەوەی خەیاڵی شاعیرە بۆ ئێمەی خوێنەر، کە لێرەوە ئیدی خەیاڵی شاعیرە تەواوی ڤیدیۆ شیعرییەکانی ترمان بۆ تەواودەکات. بۆیە تێدەگەین کە شاعیر وەک تەواوی شاعیرانی سەردەمی خۆی پاڵپشتی شیعرەکانی تەنێ ئەندێشە و خەیاڵێکی قوڵە بۆ ڕازاندنەوەی زمانی شیعرەکە. زمان لە کۆی ئەم شیعرەدا لێورێژە لە مۆسیقا و ڕیتمی شیعریی، کە کۆی ئەمانەش پێکهاتووە لە زمانێکی سادە. شاعیر سەرچاوەی بیرکردنەوەی بەستۆتەوە بە سادەیی زمانەوە، ئەمەش ئەو دیدە کلاسیکییە ڕەتدەکاتەوە کە ئاڵۆزاندن و بەکارهێنانی زمانی بێگانە لە شیعردا، هەربۆیە شاعیر توانیویەتی هاوشانی شاعیرانی سەردەمی خۆی ئەپدەیتی زمانی شیعری بکاتەوە و لەو ئاڵۆزاندن و هێماکاریی و ڕەوانبێژییە کە خەسڵەتی شاعیرانی کلاسیک بووە تێپەڕێنێت و زمانێکی سادە و ڕەوان بهۆنێتەوە بۆ شیعرەکانی ئەمەش ئاگاداری و شارەزایی شاعیر دەردەخات لە ئاست زمانی دایکیدا، کە شیعر بەشێکە لە پاراستن و نەشونماکردنی ئەو زمانە. بۆیە دروستە کە بڵێین سادەگۆیی لەم شیعرەدا بەو ئاستە بەرزە شیعرییە، کارامەیی و شارەزایی شاعیر نیشاندەدات.

## چواندن لەخزمەتی واتاسازیی شیعردا

**وەك پەپوولە، گیانی تینووم بۆ قومێ عەتری نیگات**

**دێت و ئەڕوا، هەر شنەی دێ، تا بە برژانگت بگات**
**جا کە تێر بۆ بوو لە باخچەی دیمەنی پاراوی تۆ**
**تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ**
**دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو ئەنێم**
**مەست ئەبم بەو بۆنە خۆشەو بەستە بۆ چاوت ئەڵێم**

ئەم سێ دێڕە شیعرە تێکڕا ڤیدیۆیەکی شیعریمان بۆ بەرجەستەدەکەن، کە پەیام و دنیابینی شاعیریش دەرەخات بۆ «ئەو» کە تێکڕای شیعرەکەش خۆبەیانکردن و مخاتەبەی شاعیرە لەگەڵ جوانی و وەسفەکانی بۆ ئەو. ئەوەی وادەکات ئەم شیعرە لای خوێنەر بمێنێتەوە بەڕای من هێزی زمانە، لێرەدا زمان کۆی شعرەکە بەرهەم دێنێت، یان کۆی شیعرەکە و تەواوی ڤیدیۆ شیعرییەکان لە خزمەتی ڕازاندنەوەی زماندان، کە شاعیر لەو ڕێگایەوە هێزی ستاتیکی و زمانەوانی خۆی خستۆتەڕوو، کە لەگەڵ سادەیی و جوانی و هێزی زماندا بەر مۆسیقا و ڕیتمێکی جوانی شیعری دەکەوین کە لێردا زۆر دەرفەت نابێت لەبارەی ڕیتم و مۆسیقای شیعرەوە قسەبکەین، بەڵام کۆی شیعرەکە ئیشکی زمانەوانی شیعرییە و شاعیر سەرکەوتوانە پرۆسەی ڕازاندنەوەی زمانی تەواوکردووە. شاعیر لە دێڕە شیعری وەك پەپوولە، گیانی تینووم بۆ قومێ عەتری نیگات/ دێت و ئەڕوا، هەر شنەی دێ، تا بە برژانگت بگات. هاتووە ئیشی لەسەر چواندن کردووە، کە زۆر لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبیدا ئیشی تێداکردووە و ڤیدیۆیەکی زۆر دەگمەن و ناوازە نیشانی خوێنەر دەدات. شاعیر گیانی خۆی بە پەپوولە دەچوێنێت کە تینیوە بۆ عەتری نیگای، گیانێکی سەرگەردان و بێ ئارام وێنادەکات، کە دەیەوێت بگاتە برژانگی ئەو، هەروەها چاوانی ئەو و برژانگی ئەویش بە گوڵ دەچوێنێت، کە چۆن پەپوولە دەڕوات و دێت بەسەریدا. تا ئێرە واتای شیعرەکە بێ ئیشکالییەتە و توانیویەتی ئەوەی کە لە خەیاڵیدایە بیگەیەنێتە خوێنەر، بەڵام ئەوەی لای من سەرنجە، گوزارە یان وشەی «قومێ»یە کە لە زمانی کوردیدا قومێ بۆ مادده شلەکان بەکاردێت وەک قومێ ئاو. گەر وردتر سەرنج بدەین شاعیر قومێی لەپێش عەتری نیگایەوە داناوە لەکاتێکدا عەتر یان بۆن قومی لێنادرێت، بەڵکو بۆن دەکرێت. کۆی ئەم چواندنەی شاعیر لەم سێ دێڕە شیعرییەدا کردوویەتی بەگشتی چواندنێکی جوانە جیا لەو هەڵە زمانەوانییەی باسمکرد.

گەر تەماشای کۆی چواندنەکەی شاعیر بکەین لەو سێ دێڕە شیعرییەدا، شاعیر وەک وتمان گیانی خۆی چواندووە بە پەپوولە و دێت و دەڕوات تا بگات بە برژانگی ئەو، دواتر و لە دێڕە شیعری دووەمدا دەڵێت: کە تێر بۆ بوو لە باخچەی دیمەنی پاراوی تۆ/ تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ/ لێرەدا شاعیر وەک لەسەرەتاشەوە باسمانکرد ئیشی لەسەر گێڕانەوەی هەندێ دیمەنی ناواقیعی و گریمانەیی کردووە، دەڵێت کە گەر هاتوو گیانی تینووم گەیشت بە برژانگی تۆ، دواتر لەم دێڕە شیعرەی سەرەوەدا دەڵێت کە تێر بۆ بوو، مەبەستی بۆنی نیگای ئەوە، شاعیر لە دێڕی دووەمدا دەڵێت تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ.. ئەرکی تەواوی چواندنی پەپوولە دەدات بە گیانی خۆی و دژی بۆنکردن واتایەکی تر دەداتەوە بە چوێندراوەکە، لەم دێڕەوە کۆی چواندنەکە ڕوون دەبێتەوە و تێدەگەین لەو یارییە جوانەی شاعیر بە زمان کردوویەتی، کە دەکرێت بڵێین شاعیر زۆر بە کارامەیی و قوڵێتییەوە

دەستیبردووە بۆ چواندن لەم شیعرەدا، چونکە تا نەگەیت بە دێرە شیعری دووەم لەو سێ دێرە شیعرەدا کۆی چواندنەکە روننابێتەوە. لەڕاستیدا زۆر لە ئاستێکی بەرزدا چواندنی کردووە لەنێوان گیانی خۆی و پەپوولەدا، گەر کۆی ئەو دێرە شیعرە لێکبدەینەوە تێدەگەین لە پرۆسەی چواندنەکە. شاعیر گیانی خۆی بە پەپوولە دەچوێنێت کە سەرگەردانە و دەڕوات و دێت، سەرەتا دەیەوێت تەنێ بۆن بکات، بەڵام دواتر کەتێر دەبێت لە بۆنکردن دەێت و تێر گوڵای نیگای دەمژێت، وەک چۆن پەپوولە سەرەتا بەسەر گوڵکاندا دەڕوات و دێت و بۆن دەکات، دواتر ئەو گوڵەی واهەڵیبژاردووە دەچێتە سەری و تێر دەیمژێت. لێرەوە تێدەگەین شاعیر زۆر بە مەهارەت و ئاستێکی بەرزی تێگەیشتنەوە لە پرۆسەی چواندنی شیعریدا کاریکردووە، هەربۆیە دیسانەوە کۆی وێنە شیعرییەکانی خستۆتە خزمەتی جوانکردنی زمانی شیعرەکەوە.

**دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو ئەنێم**
**مەست ئەبم بەو بۆنە خۆشەو بەستە بۆ چاوت ئەڵێم**

شاعیر لە کۆتا دێڕی شیعرەکەیدا و لە کۆتا بەشی ئەو سێ دێرەدا کە دەبێتە قوفڵی کۆتایی شیعرەکە و دوا پەیام و تێڕوانێنی خۆی بۆ ژیان و بۆ ئەویش دەخاتەڕوو، کە لێرەوە پێماندەڵێت دێم لە چاوی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو ئەنێم. لێرەوە تێدەگەین عەشق لای شاعیر عەشقێکی ڕۆحی و جاویدانییە کە تەنیا ئامانج لەو عەشقە جوانترکردنی ژیان و کۆی ئەو هەنگاوانەیە کە شاعیر دەیەوێت لە چاوی عەشقی ئەوەوە بیان نێت، پێماندەڵێت ژیان بەبێ عەشق یارییەکی پووچ و نابووتە و ئەوە عەشقە ژیان جوانتر دەکات و دەتوانین هەنگاو بنێین بەرە و ئامانجەکانمان، وەک ئەوەی شاعیر بەر لەوەی بۆنی نیگای چاوی ئەوی کردبێت، بەرلەوەی تامی نیگای پڕ گوڵای ئەوی کردبێت لەدەرەوەی ژیان وەستاوە و هیچ هەنگاوی نەناوە، بەڵام دواتر کە بۆن و گوڵاوی نیگای چاوانی ئەو دەکات ئەوجا دەیەوێتە بێتە نێو ژیان و لەوێوە هەنگاو هەڵبگرێت، شاعیر پێماندەڵێت عەشق سەرچاوەی جوانیەوە و بۆنێکە تا تام و بۆی نەکەیت ناتوانیت واهەستبکەیت لەنێو پرۆسێسی ژیاندایت، کەئەمەش جوانترین پەیامە شاعیر لەنێو شیعرەکەیدا جێیکردۆتەوە و لە ڕێی پرۆسەی چواندنەوە ئیشی لە سەر تەواکردنی واتاسازیدا کردووە و وەک قوفڵی پێش کۆتایی شیعرەکەش داینناوە. کۆتا دێڕی ئەم شیعرە تەواوکاریە بۆ دێڕی پێش خۆیی، لای من وایە هێزی ئەم شیعرە وەک پەیام لە دێڕی پێش کۆتایدا دەگاتە خوێنەر و دواتر کە کۆتا دێڕ دەخوێنینەوە پەیامی شیعریی شاعیر دەگۆڕێت بە ئاڕاستەیەکی جوانتر و قوڵتر ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: مەست ئەبم بەو بۆنە خۆشەو بەستە بۆ چاوت ئەڵێم. خوێندنەوە بۆ ئەم دێرە خوێندنەوەیەکی سانایە و زۆر بە ڕوونی دەگاتە هزری خوێنەر، بەڵام جیا لەوەش دەکرێت بڵێین شاعیر لە قوفڵی کۆتایی شیعرەکەدا گوزارشت دەکات لە گەورەیی و بەهێزی ئەو بۆنە خۆشە، کە دەگاتە ئاستی مەسبوون و لەوێوە لە مەستیدا بەستە بۆ چاوی بڵێت، کە چەندین هێما و ئاماژەی شیعری لەم دێرەدا هەیە، ئەویش دەرخستنی فەزای کۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا کە نەتوانراوە لە مەستیدا نەبێت

بەستە بە چاوەکان بوترێت، دیوێکی تری ئەم دێرە وەک پەیام واتای شیعری ئەوەیە کە شاعیر گەورەیی و جوانی ئافرەتی بەیانکردووە، کە ڕۆڵیان هەیە لە جوانترکردنی ژیاندا و هێزێکی مەزن و ناسک و جوانن تا لەڕێی عەشقە بۆنخۆشەکەیانەوە هەنگاو بنێین بەرەو ژیان. شاعیر لێرەدا جیا لەو تێڕوانینە نێرسالاری و پیاوسالارییە لەکۆمەڵگادا هەبووە، هاتووە گەورەیی و ڕۆڵی میهرەبانانەی ئافرەتی نەخشاندووە، ئەمە جگە لەو وەسفەی کە لە یەکەم دێڕی شیعرەکەوە گوزارشتی لێکردووە. شاعیر لە کۆتا دێڕدا کەشفی ڕووی ڕاستەقینەی ئافرەتمان بۆ دەکات، کە هێندە نیگای چاوانیان جوان و بۆنخۆشە تا ڕادەی مەستی دەمانبات، گەر وردبینەوە لە زەمەنی نووسینی ئەم شیعرە کە کۆمەڵگای کوردی بە گشتی لە چ دۆخێکدابووە لەڕووی بەشداری ئافرەتان لە سەرەتایترین کایەکانی ژیاندا، ئەوا تێدەگەین لە گەورەیی و فراوانی جیهانبینی شاعیر کە چەند جوان گوزارشتی لێکردووە، ئەوەی دەمەوێت وەک کۆتا کۆد و پەیامی شاعیر لەبارەیەوە بدوێم جوانی چواندنی شاعیرە کە گیانی خۆی بە پەپوولە دەچوێنێت و چاوانی ئەویش بە گوڵ، لێرەوە تێدەگەین ئەم چواندنە ڕەهەندێکی دەروونیشی هەیە ئەویش ناسکی و جوانی ئافرەتە، کە شاعیر پێماندەڵێت ئافرەت هێندە ناسکە، دەبێت وەک پەپوولە چۆن مامەڵە لەگەڵ گوڵدا دەکات، ئێمەش وەها بڕوانینە جوانی و ناسکی ئافرەت، بەبڕوای من ئەمە تێگەیشتنی قوڵی شاعیر دەردەخات لە ڕوانین و جیهانبینی بۆ ڕەگەزی بەرانبەر، کە دیسانەوە گەر سەرەنج بدەین لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو زەمەنە و خوێندنەوەیەکی مێژوویی و دەروونناسیانەمان بۆ کایە کۆمەڵایەتی و دابونەریتە باوەکانی ئەو سەردەمە هەبێت ئەوا تێدەگەین شاعیر چەندە جودا و فراون ڕوانینی خۆی نیشانداوە بۆ ئافرەت. لەکۆی ئەم نووسینە ویستوومە زەمینەسازبکەم بۆئەوەی کەبڵێم:

• سادەگۆیی زمانی ئەم شیعرە ئیشکردنێکی زۆر شارەزایانە و وردە کە شاعیر توانیویەتی یاریی بە زمان بکات بەبێ ئەوەی لاسەنگی واتا و فۆرمی شیعرەکە تێکبچێت.

• شاعیر لە سادەگۆییەوە دنیایەک پەیامی جوان و جیهانبینییەکی قوڵمان نیشاندەدەت، هاوکات بە ریتمێکی پڕِ مۆسقا و لێوڕێژ لە هارمۆنیا خزمەتی زمانی شیعرەکەی کردووە.

• تەنیکی ئەم شیعرە تا ئێستاش لە دنیای شیعری هاوچەرخدا کارییێدەکرێت، کە ئەویش هاتووە کۆمەڵێک ڤیدیۆی شیعری بۆ ڕیزکردووین و لە کۆتا دێڕ و قوفڵی کۆتایدا، پەیام و جیهانبینی خۆی دەخاتەڕوو، یاخود واتای شیعرەکە کامڵ دەکات.

• دەکرێت ئەوەش بڵێین کە شاعیر تەکنیك و چواندنی خستۆتە خزمەتی ڕازاندنەوەی زمان و تەواوکاری واتا و پەیامی شیعرەکە.

## لە چاوی شیعرەوە

# سازێکی کۆك و ئاوازێکی دڵبەر



لەڕێی دەنگ و ئاوازەوە، کەوتین بەسەر باخچەیەکی تەژی لە جوانی و هەناسەی تەڕی ئەوین. لە چاوی شیعرەوە ئەوپەڕی جوانی و ناسکی پیشاندراین، بە مەرزی خەیاڵێکی گەیاندین لە ئەزموونی شیعری گۆرانـدا دەروازەکەی وازبوو. فڕاندینی تا تا ئافرەت. لەوێ بێجگە لە ماکە رۆمانسیەکان، بە دیووی ئەرێنی و نەرێنیان لە زیاتر

**هومایۆن ساحب**

خەونـی ئومێـد بـە دیدەکرێـت. مـرۆڤ کاتـێ تەمـا بگرێـت لـە سـەر لامشـتێ وشـەی شـیرینی حەمـە عەزیـز بنووسـێ، دەورو بـەری وەهـا دەبَتـە نێرگزەجـارِ ئیـدی بـێ لـە مەسـتی هیچـی تـری پێناکـرێ و دەبـێ لـە چـاوی شـیعرەوە کەیلـی تەماشـا بێـت.

## تەماشاکانی من:

### 1-گۆرانی و مەسەلەی ئاواز.

گۆرانـی سـەر بـە لیریکـەو لیریکێکـی پوخـت و زۆلاڵ و خاوێنـە، لـە ئەندێشـەوە دەچێتـە قۆلاییەکانـی ڕۆح و دەروونـەوەو لەناسـکیدا خـۆی لـە پەردەکانـی هەسـت دەدات.

لـەرووی سـۆزێت و باسـەوە: هەمیشـە سـادەیە، بـەڵام هێجـگار جـوان و پـڕ وێنـە، پەنـای دااڵدەدانـی ڕۆحـە لـە چەتـە هیلاککەرەکانـی ژیـان. مـرۆڤ بـۆ حکایەتـی ئـەم ڕازە لـە دووی وشـەو دەربڕینـی جـوان و

ناسـك و هونـەری گـەڕاوە. پێویسـتی بـە هێنانـە دەنگـی سڕووشـت بـووە لـە ڕێـی زمانـەوە. شـیعر بووەتـە بوومـی لـە بـارو زەوی بەیـاری ووتـن. خوێندنیـش دەلیـل و چەپـەری گەیاندنـی گیانـە لیریکیەکـەی شـیعر بـووە، گـرەوی بردنـەوەو سـەرکەوتنیش یەکەمجـار شـاعیرەکە کردوویتـی و ئیـتر تیمـی وتـن و ئاوازیـش کەوتوونەتـە سـەر ئـەو بیـرە. باشـترین بەڵگـە لەسـەر ئـەم باسـە تێکسـتی شـاعیرە کلاسـیکیەکانە لەوانـە (مـەلای جزیـری، ئەحمـەدی خانـی، خانـای قوبـادی، بێسـارانی، مەولـەوی تاوگـۆزی، مسـتەفابەگی کـوردی، گـۆران، قانیـع، صافی،..هتـد) گۆرانـی یارمەتیدەرێکـی باشـبووە بـۆ خسـتنەوەی جوانـی لـە شـیعری ئەوانـەدا. مەولـەوی و کـوردی و وەفایـی لـەو شـاعیرانەن ئەتوانیـن بـە بـڕواوە بڵێیـن پەسـەندکەرانی گۆرانـی و ئاوازنـاس و دەنگناسـی سـەردەمی خۆیـان بـوون. ئەگـەر گۆرانـی بێژیـش نەبووبـن، گوێـی مۆسـیقیان لـە ئاسـتێکی بـەرزدا بـووە. هـەر بۆیـە شـیعرەکانیان بـە خێرایـی و بـێ ملەجیـرە خۆیـان دەخەنـە ئامێـزی گۆرانیـەوە. حەمەعەزیزیـش بـێ ئـەوەی پەڵـپ و بیانـوی ئەوەمـان لێبگرێـت تاقانـەی تێکسـتی ئـاوازە خـۆش و دەنگـە نـەرم و جـوان و ئەوێندارەکانـە، مـرۆڤ ئەتوانـێ گومانـی ئـەوەی لێبەرێـت ئـەو خـۆی ئاوازخوێنـی ئەوینـەو گیانـی لـە سـەر تەلـی سـازو سـەنتور گـەرو شمشـاڵەوە سـەمایەتی.

بەڵگـەی ئـەم ڕوانینـە وتنـی شـیعری (بـەژن ڕێـك و مـن و تـۆ) بـە دەنگـی جادوبـازو حیلـەکاری غوڵامـی. کـە گوێگـر لەگـەڵ بەرکەوتنـی دەنـگ و ئاوازەکـەدا شـاعیرێك ئەبینـێ تـەژی لـە ناسـکی و ئەوینـدار. گوێگـر سـتەمی تایتڵـی گۆرانـی ئـەو سـەردەمە دەبەزێنێـت و لـەدووی ناسـینی حەمەعەزیـز دەکەوێـت، مەبەسـتم تەعاروفـی کۆمەڵایەتـی نیـە،

کـە ئێستە تـۆڕەکان ئـەو کارەیـان ئاسـان کـردووەو غەرقـی موجامەلـە و قـەرزو دەسـەوامی کۆمێنـت بووێـن.

## 2ـ ئەوین وەك میتۆدێك بۆ ناسین و ڕوانین.

ئەوێـن لەبـاری سروشـتی و ئاسـایی خۆیـدا ناوەندێکـی سـازو وزەیەکـی سـەیری داهێنـان و کارە. لـە مێـژوودا عاشـق و ئەوینـدارەکان لـە دۆخـی ئومێـی بـوون و ناهوشیاریشـدا ئەفسـانە خوڵقێـن بـوون. ئەوێـن میتـۆدی جـوان ڕوانیـن و جـوان بیرکردنـەوە جـوان خوێندنـەوەی سروشـت و مرۆڤایەتییـە. ئەوینـدار سـنوورو مەرزەکانـی تەمـاح و نەفـس و غەریـزەش بەجێدێڵـی، خـۆی دەبێتـە ئەتڵەسـی ئـەو نەخشـەیە، بیـرو بۆچـوون و پەیڤیشـی دەبنـە مەشخەڵ، بۆیـە کـەس بیـری بـۆ ئـەوە ناچـێ و نایکاتـە کاری خـۆی کـە حەمەعەزیـز بـە کـێ سـووتاوەو چ غـەدارێ ئـاوا دەیژەنێت و کردوویەتیـە، گۆرانـی. بەڵکـو مەسـەلەکە لـە بۆنـەو هـەر هەواریکـی زاتـی دێتـە دەرو ئێمـە لـە چـاوی شـیعرەوە هەوڵـی ئەوینـداری خۆمـان دەدەیـن و لـە گـەڵ مەحبووبانـی خۆمـان خەریکـی رازو نیازیـن.

(مـن و تـۆ) بـە تەنهـا دوو جێنـاوی لێکدراونیـن، سـادەو سـاکار وەرگیرێـن. بەڵکـو پێکدادانـی دوو کەسـیەتی حەسـاس و ڕژانـی دوو گیـان و گەڕانـە بـۆ جێبوونـەوەی هـەردوو لـە یـەك پەیمانـەدا. وەزیفەیـان لەخزمەتـی خـودی ئەوندایـەو ئەوینـدار دەبێتـە غوڵامـی ئـەو دوو جێنـاوەو ئیـتر (نـاو) ون دەبێـت. بـە مـەش عاشـق ئەتوانـێ دوو کاری سـەرەکی بـکات کـە ئەخـلاق دەبێتـە بەرهەمـی میتۆدەکـە:

1ـدەربـاز بوونـی کەسـیەتیەکان لـە زەمـان و مەکانـی خۆیـان، کـە نەمـری دەداتـە رازی ئەوینەکـەو دەبێتـە حکایەتـی نەبـڕاوەو هـەردەم چـرای خامـۆش نەبـووی ڕێبـواران.

2بە پاکی و ناسکی هێشتنەوەی حەرەمی ئەوین.

( لەچـاوی شـیعرەوە و مـن و تـۆدا) حەمەعەزیـز هـەردوو کارە سـەرەکیەکەی ئەنجـام داوەو خۆیشـی بووەتـەوە تیرهاوێـژێ دروسـت نیشـانی دڵـی ئێمـەی پێـکاوە.

**ئـەی بەژن ڕێك، لەنـجە جوان خاوەن سەرنـج، شێوەت پەری بـۆ نـیـگـایـەك وێـڵ و شـەیـدام، باڵـی شـیـعرم هـــەڵـوەری هـەر ئـەوەنـــدەم دیـــوە چـاوت وا لـــەژێـر بـرژانـــگـی ڕەش وەك گـەلاوێـــژ شـوێـن مەبـەسـتـن، بۆ سەرنجێ ئاڵ و گەش تیشـکـی ڕووت کـاتێ لە دەریـای قـووڵی ئـەنـدێشـــەم ئـەدا خـشـڵـی شـیعرم وا ئـەڕازێ، بـووکی هەســـت جـوانـتر ئەکا.. وەك پـەپـوولـە، گـیـانـی تینووم بۆ قـومـێ عـــەتـری نیـگـات**

دێـت و ئـەڕوا، هـەر شـنـەی دێ، تـا بە بـرژانـگـت بـگـات

جـا کـە تـێـر بـۆ بـوو لە بـاخـچـەی دیـمـەنـی پـاراوی تـۆ

تـێـر مـژی خـونـچـەی سـەرنـجـی پـڕ گـوڵاوی چـاوی تـۆ

دێـم لـە چـاوەی عـەشـقـی تـۆوە بـۆ ژیـان هـەنـگـاو ئـەنـێـم

مـەسـت ئـەبـم بـەو بـۆنـە خـۆشـەو بەسـتە بـۆ چـاوت ئـەڵێم

دەبینیـن (کەسـی یەکـەم جێنـاوی»م» هەمووەمـان دەکاتـە ئەوینـدارو کەسـی دووەم جێنـاوی سـەربەخۆی»تۆ» شـوێنی بـۆ خۆشەویسـتانی هەمـوان داناوە. بێجگـە لـەوەش کارێ کـە هەمـوو عاشـقان بە فەلسـەفەو ئایدیـای جیاجیـاوە ئەنجامـی دەدەن بچـووك پیشـاندانی عاشـقە لـە مەعشـووق. جێنـاوی(م) لـە بـری (مـن) بـە کاربـراوە کـە ئیعتبـاری ڕێزمانـی بچوکـترە. بێـژەی ( هـەر ئەوەنـدەم دیـووە) بەتفاقـی کـەم شـەڕی گـەورەی بـەر پـا کـردووە. چووەتـە ئەولاتـری گـۆران و کامـەران سـەنگەری

خـۆی گرتـووه( بـۆم ناخرێتـه، خوایـه هێـزی ئینشـا، مـن هـەر ئەوەنـدەم لـه دەسـت دێ)

**له خولیامدا چی خەونێك بوو یەكەمجار؟**
**له بـــــاخی تۆ بـــەرامەو بۆنی دیدار**
**رژایە نێو دڵـــــــی شـــــێتم تژی بووم**
**حەزم وای كـــــرد منت بۆ بم بە گوڵجارِ**

* *

**ئیتر لەو ساوە ئاگرێ بەر بووە تێم**
**دەڵێی خۆرم لە چاوی تۆوە هەڵدێم**
**نە با بەم ڕازی چـــــــیرۆكە نەزانی**
**گوڵم بمبووره من بەم جۆرە دەیڵێم**

* *

**مـن و تۆ وەك خورەو هـاژەی ڕوبـارین**
**شـنـەی پاكـی شـەماڵی گوێ كـەنارین**
**لـەهەر جـێـیە ئەویـن ڕەشـماڵی هەڵدا**
**لـەوێ سەرگەرمی جێ ژوانی بەهـارین**

* *

**من و تۆ ئاســـــــــمانێكین لە باران**
**ئەگەر بڕژێینە ســـــەر لووتكەو بناران**
**لە پاڵ میرگی گوڵ و ڕەنگی سـرووشتا**
**سەرپا سەوز دەكەین چوار وەرزی یاران**

* *

**مـن و تـۆ لەم هـەواری سـەرزەمـیـنـە**
**مـەرامـمان چێژو سەرمەستیی ئەوینە**
**ئـەوینیش گـەر بەسـۆز پـێـوانە بكـرێ**
**بـەقـەد مـەودای هـەموو دنـیـا بەرینە**

* *

**كـە ئـێـمە وەك گـزنـگی خـۆرەتاو بین**
**بەرەو ئـاسـۆ لەگـەڵ یـەك تێكەڵاو بین**
**بـەسـەر كـاروانـی كـــازیـوەی بەیـانـدا**
**ئـیـتر بۆچی نـــەیەین، پەرت و بڵاو بین**

لێـرەش پێویسـتە شـەن و كـەوی جێناوە(لـكاوو سـەربەخۆكان)ی شـیعرەكە بكەیـن و لـە وەزیفەیـان سـەرنج بدەیـن كـە چـۆن توانیویانـە ئەویـن بكەنـە میتۆدێـك بـۆ جوانـتر بینیـن و رازانـەوەی ئەوانـی تـر. كـە پەیامـە گشـتیەكەی شـیعرەكە ویسـتوویەتی. هیچـی لـە ئەفسـانەی خۆشەویسـتی كەمـتر نیـە.

### 3ـسەبك و زمانی شیعری:

پێویسـتە ئـەوەش بوتریـت حەمەعەزیـز زۆربـاش ئـەو سـەبك و شـێوازە ئەناسـێ كـە شـیعری پـێ دەنووسـێ، لـە هیچـكام لـە تایبەتمەندیەكانـی (كێـش، سـەروا) دا كورتـی نەهێنـاوە، زمانێكـی تایبـەت و باشیشـی لـە ڕێـی هونەرەكانـی ڕەوانبێـژی یـەوە بـۆ خـۆی دروسـت كـردووە، كـە ئـەوی لـە كاریگـەری گـۆران و هـەردی دوور خسـتووەتەوە. ئـەوەی لـە كۆتاییـدا مایـەی ستاییشـە، زمانـە كوردیەكـەی شـاعیرە.

# گەر پێتوایە

## حەمە عەزیز





بۆ سدیقی کەمانگەر

گەر پێتوایە بە لەتبوونم
بەدانانی تەونی نەخشەی بۆسەو پلان بۆ تیاچوونم
شەنگە بالای قەدی سورم لەناو قەدا دەسڕیتەوە.
لافاوێکی لە ئاپۆرای چنگی مەرگا بێسەرو شوێن بمسڕیتەوە.
هەرزە مەبە.....
بچۆرەوە ناو کێلانەی ژێر عەباکەت
بەرلە تۆ زۆر دەمامکی ئەهریمەنان لە پشتەوە هەڵیان کێشایە
بەو نیازەی لە پاڵ گێژەنی گەروی زریانا
شەقار شەقار جەستەی ئەسپی یاخیبوونم
کەسیرە بووی زام و خوێنکەن
بارگەی کارم بۆ جڵەوی ئاوەدانی و عەشقی سورم
لەگەڵ ئامانجی ئینسانا

بەجارێ بێسەرو شوێنکەن

هەرزەن مەبە.....

بچۆرەوە ناو کێلانەکەی ژێر عەباکەت

بەر لەتۆ ....

زۆر سکڵی ڕقی داغاوبووی ئەو دۆزەخەی دەرگاکانی ئاوەڵایە

ئەو دۆزەخەی کە ڕۆژانە مەرگ تێیدا گەڵای داڕە

وە ئینسان لە هەژمار نایە

وەك تارمایی ناو تاریکی هاتنە بۆسە لە هەڵوێستم چنگیان تیژکرد

دانیان کرۆشت....

لەکارگەریم گۆڕەپان و شوێنەواری کاری منیان تەڵخ و پیسکرد

بەو نیازەی چۆك دابدەم مل کەچبکەم

ترسنۆك بم

جەستەیەك بم بێورەبم

هەرکە هاواری مەرگیانکرد

وەکو خۆیان لە سەر چۆکبم

نا ئەم جارەش هەرزە مەبە.....

ئەو خەنجەرەی لە پشتەوە تۆ بۆ منت هەڵگرتوە

ئەو دۆزەخەی کوایە هەق

تۆ بۆ منت هەڵکردوە

ئەوە سەرابی بیابانە

لە نێو ئەفسانەی وەهمەوە

بەرەو کۆتای خۆت دەتبا

بەیتی خورافەی داستانە

لە تولەڕێی تاوانەوە

بەرەو زیندان و کۆ دەتبا

هەرزە .....

ئیتر چۆن دەتوانی

پێداگری و سەرت دادەی

لە ئاست سەری وەرچەرخان و

شارستانیەتی مێژوودا

چۆن دەتوانی

ئارامبگری و ئاگر ڕادەی

لەنێو دونیای کارگەڕێتی کارگەرانی گڕگرتودا

بچۆرەوە ناو کێلانەکەی ژێر عەباکەت

من ئینسانم.....

من سەرچاوەی ئاوەدانی و سەرهەڵدانی وزەو نانم

چۆن دەتوانی لەتم بکەیت

شەنگە بالای بژنی سورم

لەناو قەدا ببڕیتەوە

لافاوێك بیت

ئاسەوارم، ئامانجم، بەرهەمم کارم

لەناو دڵی تازەگەری ئەم کەونەدا بسڕیتەوە

هەرزە مەبە.....

بچۆرەوە ناو کێلانەکەی ژێر عەباکەت